# JILEMO

## گۆڤارێکی پاژێی هونەرییە

ژمارە(١٠)    ساڵی سێیەم    زستانی ١٩٩٩–٢٠٠٠


سەروتار ل٢

شانۆ ترۆتسکی لەدوورخراوگە ل٣

چیرۆک جـــارێ گەردوون ل٢٩

تەنـز فس فس ناموسەوان ل٤١

ڕەخنە هەیاسە لەئاشی ئەنگۆ چ ل٤٣

هۆنراوە و پەخشان ل٥٦
لە برینی سەر دڵی ئابایی
قصائد الحياة
شەوارەی بەزمی نوێ
خەونیکی خەوالوو

وتــار مەزهەب، هونەرو مارکسیزم ل٦٣
بریخت لە رۆلی دەرهینەردا ل٦٩

وتــار زمانی خاراو، هونەری پاراو ل٧٣

گالتـەوگـەپ ل٧٧

سەرگەرمی خشتەك ل٨١


تایب و مۆنتاژ
ئۆژین ئەحمەد


ناونیشانی پۆستی: JILEMO
Postfach 912215
51093 KOELN
GERMANY

پۆستی ئەلەکترۆنی:
jilemo@hotmail.com
لەسەر ئنتیرنیت :
http://www.jilemo.cjb.net

## " دووڕیانی مەرگ و ژیان "

دەمێکە سەرمایەداری جیهانی بەشێك لەڕاگەیاندنی تەرخانی هەراو هوریای ساڵی دوو هەزار کردووە، بەتایبەت دوای تێکشکانی بلۆکی ڕەقیبی کەبەناوی کۆمۆنیزمو خەونی پرۆلیتاریاوە ئەژنۆی لەسەر سنگمانو چنگی لەبینەقاقامان گیرکردبوو. بەوجۆرەی کە بوونی بەری بەبزووتنەوە سنوور نەناسەکەمان گرتبوو، لەگەڵ لەگۆڕنانیدا بەڕادەی ڕەوینەوەی سێبەری شوومی لەسەر مێژووی خەباتمان، بووە سەکۆی جاڕدانی بەتاڵی خەونی ڕزگاری مرۆڤایەتیو ئاڵا هەلگرانی بوونە پیشەنگی دیموکراسیو نەزمی نویی کۆیلەتی. زۆری نەخایاند قەد راستکردنەوەی بزووتنەوەکەمان لە روسیەو رۆمانیاو ئالمانیاو تورکیەو ئەفریقاو ئەمریکاو خوارووی ئاسیادا موعجیزەویژانی کۆیلەتی هەتاییو هەمیشەزیندوویی سەروەری چینایەتی لەخەوی خەفلەت راچلەکاند. هەربۆیە پەنایان بردۆتەبەر لەچاوەروانیدا راگرتنی مرۆڤەکان، گوایە سالی دوو هەزار خالی وەرچەرخانی مێژوویییە لە بی خەوشبوونی سیستمە گەندەلەکەیاندا.

لەم هەراو هوریاو ژاوەژاوەی ئاژانسەکانی سەرمایەدا هونەرمەندانو ئەدیبانی بۆرژوانۆکەر کە لەسەرەتای سەرهەلدانی سەروەری بۆرژوازیدا، لەبەر ناجیگیریو راپەرینە پەیتاپەیتاکانی پرۆلیتاریای لاودا ناچار بەپەرۆپینەکردنو ئارایشدانی روخساری دزیوو چاوچنۆکانەی بۆرژوازی بووبوونو، هەندیکجار گلەییو پورتوبۆلەیان لیوە دەهات، ئەوا ئیستاکە بیشەرمانە بوونەتە بەشیك لە پەیکەرەی سیستمەکەو رۆلی هونەر فرۆشییان تا ئاستی دەلالی بازار ئازادو تیرۆری هۆشوبیری مروڤ گەیاندووە.

ئیستاکە ئیتر لەمەیدانی هونەرو ئەدەب دا بوار بۆ گومانو تیرامان نەماوەتەوە. بەو رادەیەی ململانیو سنووری نیوان چینەکان زەق بووەتەوە، بەو رادەیەش هونەرو ئەدەبی چینەکان لەبەرامبەر یەکدیدا وەستاونەتەوە. ئەورۆکە هونەرو ئەدەب یان لەسەنگەری شۆرشی پرۆلیتیریدایە بۆ نواندنی واقیعی بوونی کۆمۆنیزم وەك رزگاری یەکجاری لەکۆیلەتیو سەروەری چینایەتی، یان زەنگو بانگی پەرستگاکانی سەروەرییەو مرۆڤ بۆ گۆیلتی بانگەواز دەکاتو بیری ئازادی مرۆڤ لەسیاچالەکانی سەرمایەدا بەندتر دەکات.

بەڵام ئەمە پەلەقاژیی ئەوانەیە کە دەیانگوت : کۆیلەتی دەستکردی خوایەو لەگۆران نایە، زەوی تەختەو خۆر لەدەوری دەسووڕێ، دەرەبەگەکان نوینەری خودان، هەژاریو دەولەمەندی دابەشکاری خودایە.

هەزارەی ئاویلکەی ئەفسانەکانی سەروەری چینایەتییە، سەدەی یەکەمی هەزارەی سییەم لانکەی بزووتنەوەی کۆمۆنەخوازیو کۆمەلگەی ناچینایەتییە .

پاژێی هونەری ژیلەمۆ

# ترۆتسكی له دوورخراوگه پیتەر ڤایز (بەشی دووەم)

## ــ برۆكسل

**ترۆتسكی** :

ناكۆكی كەوتە نێوانمانەوەو، زیاد لەدەساڵ درێژەی كێشا. ناكۆكی توندوتیژو گران‌و نالەبار. چی بوو ئەوەی كە لەو كۆبوونەوە نهێنی‌یەی كە لە نێو مشك‌و ئەسپێ‌و هەراو هوریایەی برۆكسل‌دا لە یولی ١٩٠٣دا گرتمان هەوڵمان بۆ دەدا ؟

**لینین**:

بە بەرچاوی پۆلیسیشەوە.

**ترۆتسكی**:

لەسەر تەختەدارو كۆنە گونیە دانشتبووین. ئارەقە لەنیوچەوانمان دەتكا. خەریك بوو لەهۆش بچین. لەوانەیە ناكۆكی‌یەكانمان ئەنجامی نائارامی میشكمان بووبیت كە دوورخراوگە قوس‌وهیلاكی كردبوو.

**لینین**:

ئەركی سەرشانمان دامەزراندنی پارتیك بوو بۆ سەرانسەری روسیە.

**ترۆتسكی**:

لەئیستادا پیویست بوونی ناوەندیكی پتەو نابینم. ئەو شیوازەی كە ئەندامە كۆنەكانی پیكرایە دەرەوە لەبیرناكەم. ئیكسلرود، زاسۆلیك، مارتۆف، لەبەر ئەوە ركم لیت بووەوە..

**لینین**:

ناوەندیتی شۆرشگیرانە پیوەری سەختو تیژ دەخوازیت. لەبەر ئەوە لەوانەیە دلرەقی لەگەل كۆنە هاورێیاندا بكەین، چ بەتاك چ بەكۆمەل. بەلاّم ئەنجامەكە ئەم دلرەقی‌یانە لەبیردەباتەوە. .

( ئەندامانی بەشدار لەكۆنگرەی برۆكسل‌دا دینە ژوورەوە. پلیخانۆف، ئیكسلرود،

دویچ، مارتۆف، فیرا زاسۆلیك، ئیركاردی كریمیر، ئیكیمۆف، مارتینۆف، روزانۆف، بارفۆس و كەسانیتر. لەسەرمیزو باهۆلو جانتاو كورسیو زەوی دادەنیشن. لەكاتی گفتوگۆدا دلەراوكێ بەردەوام زال دەبیت : هەندیك پیستی خۆیان دەخورینن، هەندیك رادەوەستنو، ئەوانی دیكە دەستیان دەگوشن، یان قاچیان دەلەقینن. ئەوانیتر پەرتووك هەلدەدەنە گۆشەكانەوە. جارجار ئەندامیكی بەشداربوو هەنگاو دەهاوی وەك لەخەودا ری بكات. لینین لەپشت میزەكە لەنیوان پلیخانۆف و دویچ دادەنیشیت).

بیجگە لەوەش. پیویستە بەیەكجاریو بۆ هەمیشە كۆتایی بەم پرشوبلاوییە بینین. پیویستە پارتیكی یەكگرتووی لیكهەلپیكراو دروست بكەین كە بیسەرەوبەرەیی بگۆریت كاری شۆرشگیرانەی راستەقینە. كۆتایش بەگشت دەستەگەرییە سكتاریستی، كینەدۆزیو توندرەوی نەتەوەچیانە بینیت. هەروەها پیویستە لە سەرمان پارتیكی یەكگرتوو كە توانای سەركردایەتی ملیۆنەها كەسی هەبیت ریكخەین.

**پلیخانۆف**:

كۆمەلەی یەهودییەكان سوورە لەسەر دەستگرتن بە سەربەخۆیی خۆیەوە. گەر بەوە رازی بووین ئەوا كاتیك كەپارتیمان ئالای سەركەوتن بەرزدەكاتەوە هەموو كەمایەتییەكانیتر بەهەمان شیوە خوازیاری سەربەخۆیی دەبن. ئەوكاتەش ناوەندیتی ریكخستن لەناودەباتو، یەكیتی ریكخراوەكان جیی دەگریتەوە.

**ترۆتسكی**:

چی وا لە یەهودییەكان دەكات كە تاوەكو ئیستا لیك هەلپیكراو بن؟ ئایینەكەیان. هەر ئیستا خەریكە لەناو دەچیت. شیوەی ژیانو ریسا تایبەتەكانیان. بەلام ئەم دیاردانە شتیك نین جگە لە بەرئەنجامی ئەو هەلومەرجەی كە بەدریژایی چەندین سەدە لەسایەیدا ژیاون. بەرزكردنەوەی فەرهەنگی یەهودی سەربەخۆ شتیك نییە جگە لە تەراكەوتەیی لەبەرامبەر تەراكەوتەییدا. ( دەنگی نارزایەتی )

هەروەها نەتەوەی نیوە ئەفسانەیشیان كە زایۆنیزم ئاراستەكەیەتی هەر

تەراکەوتەیی یە.

**کریمەر:**

لەقەسابخانەکانی کیشنیف دا سەریان برینو هەزارانیان لێ دوورخستینەوە. پێویستە بۆ پاراستنی خۆمان ماف بەدەست بینین.

**ترۆتسکی:**

کۆمەلگەی یەهودی سەربەخۆ. ئەمە شیوە بیرکردنەوەی (گیتۆ)ی یە.

**کریمەر:**

لیو داڤیدۆڤیچ بەلام تۆ یەهودیت.

**ترۆتسکی:**

من سۆشیالیستم و بەس. ئەوەی کە من یەهودی لەدایك بووم خۆم بە یەهودی نازانمو، من باوەرم بە تایبەتمەندیی ە رەگەزی یەکانی یەهودی لاوازە. چارەسەری کیشەی یەهودی یەکان لە گۆرینی بنچینەیی کۆمەلگەی مرۆڤایەتی دایە نەك لە پیکهینانی دەولەتی یەهودی دا.

**کریمەر:**

ئیمە سوورین لەسەر هەلبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی تایبەت بە خۆمان. پێویستە خۆمان بریار بدەین لەسەر ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی یان بەگەلەکەمانەوە هەیە. ئیمە سوورین لەسەرئەوەی قوتابخانەی تایبەت بەخۆمان، هەروەها شوینی کۆبوونەوەی تایبەتیمان هەبیت.

**ترۆتسکی:**

ئیرکاردی کریمەر ریگر دامەنێ. لەنیوان رەگەزو ئایینو نەتەوەکاندا ریگرەکان لەناوبەرە..

**پلیخانۆڤ:**

دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا. واتە زالبوون بەسەر تەواوی ئەو کۆمەلەو

دامەزراوانەی کە دەبنە ریگر لەسەر ریی بەرژەوەندی‌یەکانی کارگەران.

**کریمەر**:

تاوەکو ئیستا لەبابەتی دیکتاتۆری نەکۆلاوینەتەوە. " بلیسە" هەولدەدات لەپیشدا ستراتیژی شۆرشگیرانە دابنیت.

**پلیخانۆف**:

دیکتاتۆری پرۆلیتاریا شتیك نی‌یە بیجگە لە قۆناخیك کە پیش شۆر شی سۆشیالیستی دەکەویت. پیویستە پرۆلیتاریا بەهرەمەند بیت لەدەسەلاتی سیاسی بیچەندو چون، تاوەکو بتوانیت بەسەر هەر جۆرە دژایەتی‌یەکدا سەرکەویت.

**ئیکیمۆف**:

هەروەها بەسەر سیستەمی پارلەمانیشدا ؟

**پلیخانۆف**:

ئەگەر پاش رووخانی پاشایەتی، ئەنجومەنیك بۆ نوینەران هەلبژیردراو، دژ بەفەرمانرەوایی شۆرشگیرانەی کارگەران وەستایەوە، ئەوا پیویستە بخریتە لاوە.

**ئیکیمۆف**:

هاوریّ پلیخانۆف چۆن دیکتاتۆری‌و بیرۆکەی کۆماری دیموکراسی کە لەبەرنامەدا باسی لیوەکراوە پیکەوە دەگونجین ؟ ئەی ئازادی رۆژنامەگەری‌و پارتە سیاسی‌یەکان‌و مافی کۆبوونەوە چی بەسەر دیت ؟ ئەی سەرەتاکانی یەکسانی لەنیوان تەواوی هاوولاتیاندا چی ؟ بیجگە لە ئیمە هیچ پارتیکی سۆشیالیستی لە ئۆروپادا نی‌یە کە باس لە دیکتاتۆری بکات.

**پلیخانۆف**:

ئیکیمۆف لەبەرئەوەی هەموو پارتەکان، پارتی ریفۆرمیستن. دژە شۆرشن.

**مارتینۆف**:

بە چ مافیك، ئیمە کە نوینەرایەتی ئەوانە دەکەین لەژیر چەپۆکی دیکتاتۆری تزاریدا

دەتلینەوە ریگە بە خۆمانبدەین، کە بریارو فەرمانی بێ ئەملاو ئەولا دەربکەین.

**لینین:**

پرۆلیتاریای شۆرشگیر مافی ئەوەی هەیە مەرج لەسەرمافە سیاسی‌یەکانی چینی بۆرژوا دابنیت بەهەمان شیوە کە ئیستاکە بۆرژوازی مەرج لەسەرمافەکانی پرۆلیتاریا دادەنیت.

**روزانۆڤ:**

مەگەر دیموکراسی شتیکی بیچەندوچون نی‌یە ؟ مەگەر ئەوەی بۆی دەجەنگین بی هەرجومەرج نی‌یە ؟ ئایا پارت، پارتی کارگەرانی روسیە، هەلبژاردنی ئازادانە هەلدەوەشینیتەوە ؟

**پلیخانۆڤ:**

ئەگەر بەرژەوەندی شۆرش بریاردانی کاتی بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیە دیموکراسی‌یەکان بخوازیت، تاوانە کە ئەنجام نەدریت.

(دەنگە دەنگی پشتیوانی‌و نارزایەتی )

**لینین:**

هەموو لیدوانیك لەبارەی یەکسانی لەمافدا ژاوە ژاوە . لەمیژە ئەوان نکۆلی لە مافەکانمان دەکەن. بە بابەتی ئەندامەتی دریژە بەباسەکە دەدەین.

**مارتۆڤ :**

لینین و پلیخانۆڤ خوازیاری پارتی هەلبژیردراوانن. ریکخراویکی نارەوا. ریگە نادریت بە پیوەستبوون پیوەی بیجگە لەو ئەندامانەی کۆشش دەکەن لەیەکیك لەلق‌و پۆپەکانی ریکخستنیدا. ئەم جۆرە پارتە پارتی پیلانگیرەکانە نەك پارتی چینی کارگەر.

**لینین :**

پارت ریکخستنیکی پیشرەوە لەناو پرۆلیتاریادا. لەسەروی گشت

ڕێکخستنەکانی نێو بزووتنەوەی کارگەریدایە. سەرە ڕمە بەدەستی جەماوەرەوە. پێویستە لەسەر بنەماکانی ناوەندیتی دامەزرێت.

**ترۆتسکی** :

دروستکردنی پارتی بالادەست بۆ دامەزراندنی فەرمانرەوایی بالادەستە.

**دویچ** :

سەرنج بدەن چ دەلێت ئەو بنیامینەی که بە تەوراسی لینین بەناوە.

**مارتۆڤ** :

پارتییکی سەرکردایەتی فراوانمان دەوێت، نەك پارتێك بۆ دەستەی هەلبژێردراوان. پارتێکمان دەوێت کە پێشوازی هەموومرۆڤێك بکات کە لایەنگری بەرنامەکەی بێت. ( وەرسبوون، دەنگە دەنگی هەلچوون )

**ترۆتسکی** :

بەبێ ڕێکخراوبوونی تەواوی کارگەران لە یەکێتییەکی پتەو لەناو پارتدا بەدەسەلات گەیشتنی پرۆلیتاریا نایێتەدی. ئەوکات دەسەلات، دەسەلاتی زۆربە دەبێت نەك دیکتاتۆری کەمایەتییەکی هەلبژێردراو. دەگەرێینەوە بۆ ڕوسیە بۆ پتەوکردنی ئەم پارتە بەوجۆرەی کە دەمانەوێت.

**دویچ**:

زۆر خۆشبین مەبە. لەدەرەوەی ڕوسیە بمێنەرەوە. توێژینەوەکانت تەواوبکە. لەبارەی جیهانەوە شتێك فێرببە. تواناییەکانت گەشە پێبدە.

**ترۆتسکی**:

دویچ کاتێك لە پترسبۆرگ کلپە بسێنیت لەوێندەرێ دەمبینیت.

**لینین**:

کارگەران لەڕێکخستنیشدا بیبەشن. ئەگەر دەرگەی هاتنە ناو پارتمان خستە سەرپشت، ئەوا گشت کەسە لاوازو دوودلەکان ڕووی تێدەکەن. پارت تەنیا پێویستی

بە باوەر پتەوو چاونەترسنەکانە. پارتیك کە مارتۆف دەیهەویت، کراوە دەبیت بۆ کەسانی رارا. هەستی چینایەتی لای جەماوەر. بەلێ. جەماوەر دەجەنگن. بەڵام سەرکەوتن بەدەست نایێت تاوەکو سەرکردایەتی بۆ دەسەبەر نەکریت.

**ئیکیمۆڤ**:

تۆ وەك دووشتی جیاواز باس لە پارتو پرۆلیتاریا دەکەیت. لەروانگەی تۆوەپارت، تاکە تەنیکی زیندووە. جەماوەیش دەستەیەکی پەژموردە کەپارت هەولی زیندووکردنەوەی دەدات. لەروانگەی تۆوە پارت پیشرەوو جەماوەریش پاشرەوی، ئا ئەمەیە دیکتاتۆریەتی چینی کارگەر ؟ ( پیکەنین )

**ترۆتسکی**:

کاتیك کە لینین باس لە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دەکات، مەبەستی دیکتاتۆرییە بەسەر پرۆلیتاریادا. ( هەلچوون )

**ئیکسلرود**:

لینین هەولی دابرانی پارت دەدات

**زاسۆلیك**:

کرۆبیسبیرەو پارت بەرەو تریمیدۆر دەبات.

**لینین**:

بەستە زاسۆلیك و ئیکسلرود و مارتۆف، واز لەم گەوجیەتییە بینن کە بیجگە لە بیرکردنەوەی ووردەبۆرژوازی هیچیتر ناگەیێنیت. ئەوەی هەولی پارچە پارچە کردنی پارت دەدات دەردەکریت. لەم کاتەی ئیستادا زۆرتر پیویستمان بە ریکخستنی نهینییە کە دەتوانیت لەبەرامبەر پۆلیسدا خۆی راگریت. ئیمە پیویستمان بەپارتیك لەشۆرشگیران هەیە نەك لە بازرگانانی قسە.. ( دەنگە دەنگی پشتگیریو هەلچوون)

**ترۆتسکی**:

کەواتە بەم شیوەیە ریکخستنی پارت گرنگترە دەبیت لە خۆدی پارت.

لەجیی ریکخستن، کۆمیتەی ناوەندی. لەجیی کۆمیتەی ناوەندیش، دیکتاتۆر. یەکەم سەر کە مەقسەلە دەیبریت سەری شیرە، سەری کارل مارکس .( هەلچوون )

**پلیخانۆڤ**:

با مەسەلەکانی پارت لەشیوەی دەنگداندا پیشنیار بکەین. مەش دەنگمان دەخەینە تەك پیشنیارەکەی لینین، کە کۆمیتەی ناوەندی لەژیر چاودیری ( بلیسە)دا بیت.

**بارفوس**:

رۆژنامەی پارت دەبیت لەژیر چاودیریو سەرپەرشتی کومیتەی ناوەندیدا بیت.

**لینین**:

بارفوس قەد نابیت. ناتوانن لەروسیەوە سەرپەرشتی مە بکەن. مە لیرە لەسەر زەمینیکی پتەو وەستاوین. وە لیرەوە خەبات پەرە پیدەدەین.

**بارفوس**:

کەواتە دەسەلاتی بیچەندوچون بۆ رۆژنامەی پارتە.

**لینین**:

لەسایەی هەلومەرجی ئیستادا، ئەلتەرناتیڤیکیتر نییە.

( لەکەشیکی نالەبارو ئالۆزدا دەنگدان دەکریت. هەمووان دەکشینەوە دواوەو وون دەبن. بەتەنیا لینین و ترۆتسکی دەمیننەوە).

**ترۆتسکی**:

زۆربە لەدووکەسەوەیە. لەنیوان زۆربەو کەمایەتیدا دوودەنگ هەیە. دابەشبوونیکی ئاشکرایە. بۆلشەڤیك ( زۆرینە) و مەنشەڤیك (کەمینە).

**لینین**:

ئیمە سەرکردایەتی دانپیانراوین. لەهەموو دەستەیەکی دیموکراتیکدا مافی بریاردان دەگەریتەوە بۆ زۆرینە هەرچەند ئەم زۆرینەیە لاوازیش بیت.

**ترۆتسکی:**

چۆن ڕیگە بە کەرت کەرت بوونی پارت دەدەیت ؟

**لینین:**

جیابوونەوەی تیدا نابینم، بەلکو تەریك کەوتنەوەی بیپیچو پەنای هەلویستەکانە. لەلایەکەوە ئەوانەی کە ریشەی بۆرژوازیو، لیبرالیو، سکتاریستیان لەبیر ناکەن و، بەهەلویستی خۆیانەوە خۆ هەلدەکیشنو خۆیان بە رابووردووەوە گریَ دەدەنەوە. لەلایەکیترەوە، بەرەی مە پیاوانی دوارۆژ، ئەوانەی کە بایەخ بە دەستکەوتو پیرۆزی کەسیتی نادەن. پاکژو بیگەرد. لەسەنگەردان، ریکخستنیکی شۆرشگیری پتەودەیانگریتە خۆ.

**ترۆتسکی:**

دامەزرینەرانی پارت، پارت بەخۆی دەریان دەکاتە دەرەوە.

**لینین** :

بزووتنەوەیەکی یاساخی وەك بزووتنەوەکەی ئیمە، چاو دەبریتە رووخانی تزار(قەیسەر)، جیگەی سەرو کەلەو پلەو پایەی پوچی تیدا نابیتەوە. بۆ ئەوەی هیزو کاریگەری زیاد بکەین، پیویستە کۆنە پاریزان بروخینین. پیویستە ئەمە تیبگەیت. بەلاّم زۆر باوەرت بەخۆت هەیە. رۆژیَ لەرۆژان نائومید دەبیت گەر فیر نەبیت چۆن بیرۆکەکانت بۆ خۆت بپاریزیتو، ملکەچی بریارەکانی پارت بیت.

( لینین لەسەر چرپا بچووکەکە رادەکشیتو دەموچاوی بەباسکی دادەپوشیت)

چوار سەرباز دینە ژوورەوە، جلوبەرگی سوپای سووریان لەبەرە، چەکەکانیان لەشان کردووە، بەرەو چرپاکە دەرۆن، لینین بەرز دەکەنەوەو، هەلیدەگرن، دەکشینە دواوەو تیدەپەرن.

### ٥- ساڵی ١٩٠٥

دوای چوونەدەرەوەی سەربازەکان، جەماوەر لەلای پشتەوەی شانۆوە دینە ناوەوە،

پەیکەرەو ئالآی کەنیسەیان هەلگرتووە. باوکی گابون بەریشێکی درێژو خاچی سەر سنگی‌یەوە پێشەوایەتی کۆمەلە دەکات. کۆمەلەکە بە هێواشی دێنە پێشەوە.

**باوکە گابون** :

ئەی فەرمانروا ئێمە کارگەرانی پترسبۆرگین. هاتووینە لاتان داوای دادپەروەری‌و ویژدان‌و پشتیوانی دەکەین. ئێمەی لانەوازو، دەرکراوین، کاری زیانبەخش ماندوو و شەکەتمان دەکات. مەرگ لە درێژەدان بەژیانی ئەشکەنجەو ئازاراوی باشترە بۆمان. کارمان بەجێهێشتووە. بەخاوەن کارگەمان ووتووە کە ناگەرێینەوە تا داواکانمان جێبەجێ دەکرین. ئەوەتا هاتووینەتە بن شورەی کۆشکەکەت بەرهەلستیت بکەین یان لەبەرێوەبردنی ئەم ولآتدا گەل بەشدار بکەین. لەبەر ئەوە پێشنیاردەکەین کە نوینەرانی گشت چین‌و بەشەکانی روسیە کۆببنەوە بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی دامەزرینەران. ئەگەر ملیشت بە داواکاری‌یەکانمان نەدا، ئەوا بریارمان داوە لەبەردەم دەروازەکانی کۆشکەکەتدا بمرین، هەر لەم رۆژەدا، نۆی. یانیوەری. هەزارو نۆسەدوپێنج.

( تەقەی تفەنگ. خەلکە هەلدین. دووبارە کۆدەبنەوە، بەلآم ئەمجارە بەبێ باوکی گابوون. ترۆتسکی سەردەکەوێتە سەر مێزێك‌و، روو لە جەماوەر دەکات).

**ترۆتسکی** :

کارگەران، وەرزێران. وەلآمی قەیسەرتان بیست. بەشەقامەکانی پترۆگراد تێپەریوون‌و_هاتوونەتە لای. ئەو جل‌وبەرگەتان لەبەر کردووە کە بۆ رۆژانی یەکشەمە داتان نابوون، هاتوونەتە لای منداڵ‌و هاوسەرو کەس‌وکارتان لەتەکدایە. سەدان هەزار ئازاو بەهێز هاتوونەتە لای کرنووشتان بۆبرد. تەنیا مابوو نوێژی بۆ بکەن. ئایا وەلآمەکەی قەیسەرتان بەدڵ بوو؟

**جەماوەر** :

تاوانبارە. قەیسەر بگرن. بیکوژن . خۆی‌و خاوخێزانی.

**ترۆتسکی** :

وەرزیران. وەبیری خۆتانی بیننەوە کە هەمیشە چیتان پێدەلێت : من لە وولاتەکەمدا یەکەم خانزادەم. یەکەم مولکدار.

**جەماوەر** :

بەنۆکەرەکانیمان راسپارد. لەگەل سەگەکانی باشتر مامەلە دەکات تاوەکو لەگەل مە.

**ترۆتسکی** :

کارگەران. لە چاپخانەکانو کارخانەکانی پۆلاو کارگەکانی چنیندا مانتان گرت. ئیستاکە بزووتن لەسەرتاسەری ولاتدا بوەستینن. مانگرتنی گشتی بگۆرن بە یاخی بوونی چەکدارانە.

( تیپیك لەسەربازە تایبەتەکانی قەیسەر دینە ژوورەوە).

وەرزیران. پیویستە پشتیوانی سوپا بەدەست بینینو بیکیشینە ریزی خۆمانەوە. بە سەربازەکان، کورەکانتان، ئەوانەی کە لەسەر دارایی گەل دەژین بلین: لوولەی چەکەکانتان مەکەنە ئیمە.

( تەقە. کۆمەلیك کارگەر بۆپاراستنی چواردەوری ترۆتسکی دەگرن)

کارگەران، وەرزیران، با لە روسیە ئاگر هەلکەین ، ئاگریك کە هیچ هیزیك لەسەر رووی زەمین بلیسەی خامۆش ناکات، ئاگری شۆرش.

( تەقە. ترۆتسکی لەسەر نیزەکە دادەبەزیتو کارگەران دەیپاریزنو خۆی دەهاویتە لایەکی شانۆ).

کارگەران. وەرزیران. فەرمانرەوای سەرکوتگەرتان ناچار کرد، کە بەلینی ئازادیتان پیبدات. چەکتان لەدژی دۆزیەوە، کە مانگرتنی جەماوەرییە. کاتیك کە بۆتان روونکردەوە کە کێ لە کارگەکاندا بە کردەوە فەرمانرەوایە ترس دایگرت بەلام ئازادی بوونی نییە تاوەکو کلیلی هەمباری چەکەکان لە دەستی ئەفسەراندا بیت. ناچاریان بکەن کە کلیلەکان بدەنەوە خاوەنە راستەقینەکانیان.

**جەماوەر** :

بەریکەوین بەرەو کارخانەکانی بۆتیلوڤ. چەکەکان لەویندەرین. ئادەی بەرەو کارگەکانی تەقەمەنی. ( چەند سەرباز بە جلو بەرگی پەڵاوییەوە دینە پیش )

یاخیبوون لەگەلەکەشتی دەریای رەش دا. ئاڵایسوور لەسەر بۆتمکین دەشەکیتەوە.

**سەربازی یەکەم** :

لە یابانو، لەچین چیمانکرد ؟ لەپیناو ئەو بەرازانە، دەستمان بەسەر هیلی شەمەندەفەرەکاندا گرت. لەپیناو وان پاریزگاریمان لە لەنگەرگەکان کرد. لە پۆرت ئارسەر و لە مەنشوریا. هەزارانمان لیمردن.

**سەربازی دووەم** :

ئەفسەرەکان. بەسەرماندا دەنەرینن: فزەتان لیوە نەییت. نەجوولین. گەر کەسیکمان نارەزایی دەربڕێ دەیکوژن. دەمانەویت بگەرییەنەوە ووڵاتی خۆمان. موچە تایبەتەکانمان دەشارنەوەو دەستیان بەسەردا دەگرن. خاچی سووریش پالتۆو پۆستالکانمان دەدزیت.

**ترۆتسکی** :

کوان چەکەکانتان ؟

**سەربازی یەکەم** :

فریماندان.

**ترۆتسکی** :

دەبوو بیانپاریزن. مە پیویستمان بە چەك هەیە. قەیسەر شەرەکەی دۆراند. شەری مەش دەستی پیکرد. قەیسەر هیلی شەمەندەفەری چینی لەدەستدا، پۆرت ئارسەری دۆراند. زۆرباشە چەندی بی هیز بیت، مە هیندە بەهیز دەبین.

**جەماوەر** :

بەرەوسەربازگەکان. بژی سۆڤیەتی کارگەرانو سەربازان.

( لەپشتەوەرا ئالآیەکی سوور دەردەکەویت، لەهەمان کاتدا تیپیك لە سەد رەشەکان دەردەکەون).

ووریابن. (( سەد رەشەکان)). تەقە دەکەن.

(سەربازەیکی سەد رەشەکان خۆی هەلدەدات و لەسەر سنووقیك رادەوەستیت).

**سەربازیکی سەد رەشەکان**:

بەرژەوەنـدی وولآتەکـەمان لـە سـەروەری بیچـەندوچونی روسـیەدایە. بـەرژەوەندی وولآتەکـەمان لەپاراسـتنی کەنیسـەی ئۆرتۆدۆکسدایـە. بـەرژەوەندی وولآتەکـەمان لـە هوشـیاری و تیگەیشـتنی هاوولآتیاندایـە. سـەروەری بیچـەندوچونی روسـیە لەهەسـتی خەلکـەوە هـەلدەقولیت. ئـەم سـەروەرییە کەنیسـە پیرۆزی دەکات و بەلگەی میژوویی هەیە.

( بەهـەلچوونو هـاوارکردنو تورەیـی قسـەکردنەکەی پیدەبـرن. سـەربازە سـەد رەشەکان بەچەکەکانیان پال بە خەلکەکـەوە دەنیـن. کارگـەرەکان ترۆتسـکی بـۆ سـەر سەکۆکە بەرزدەکەنەوەو دووبارە لەچوارلای کۆدەبنەوە).

**ترۆتسکی** :

ئەمە ئەو ئازادییەیە کە قەیسـەر بـەلینی پیـدان، بـەلینی یاسـای پیـدانو لەهـەمان کاتدا سەدرەشـەکانی وادار کرد تەقـەتان لیبکـەن. بـەلینی ئـازادی دەربریـنی پیداین بەلآم سانسور بەردەوامە. بەلینییدا زانسـت بۆ هـەمووان بیت، بـەلآم زانکۆکان سـەرباز داگـیری کـردوون. بـەلینی پاراسـتنی مـافی تاکەکەسـیدا، بـەلآم زیندانـەکان بەزیندانی ئاخینراون.

**جەماوەر** :

داوای لیبوردنـی گشـتی دەکـەین. داوای لیبوردنـی گشـتی دەکـەین. ئـادەی بەرەو زیندانەکان بەریکەوون.

( هەلچوونیکی توندوتیژ لەنیوجەماوەردا. سەربازەکان بەدەم هەرەشەکردنەوە دینە

پیشەوە، شلیابنیکۆڤی کارگەر سەردەکەویتەسەر میزەکە).

**شلیابنیکۆڤ** :

ئەگەردەولـەت دەیهـەویت ئاشـتیمان لەتـەکدا بکـات ئـەوا پیویسـتە زیندانی‌یەکان دەستبەجێ ئازاد بکات.

**جەماوەر** :

ئەگـەر سـەد زیندانی‌یـان ئـازادکرد، ئـەوا سـبەینێ هـەزار دەسـتگیر دەکەنـەوە. زیندانی‌یان بەزۆر ئازاد دەکەین.

( ئیلکۆنت ویتی لەنیو قەرەباڵغی‌یەکەوە دیتە دەرەوەو سەردەکەویتە سەر سندووقەکیك لەکۆتایی شانۆکەدا).

**ویتی** :

برایـانی کارگـەرم. ووڵاتەکـەتان توشـی کارەسـات مەکـەن. بـەزەیی‌تان بـە ژنو منداڵەکانتان‌دا بیتـەوە. گویگـرن لـە ئامۆژگـاری وەی ریزتـان لی‌دەگریـتو بـەرژەوەندی ئیوەی دەویت.

**شلیابنیکۆڤ** :

ئەوە کێیـە لەنیوان مـەو خـۆی‌دا دیـوار دەرمینـێ ؟ وەهـا بـۆ کارگـەران دەدویت کە گوایە برای وین. ئیلکۆنت ویتی هیچ پەیوەندی‌یەکی بە ئیمەوە نی‌یە.

( پیکەنین)

**ویتی** :

بگەرینەوە بۆ کارخانەکان. قەیسەر راگەیاندنی نویی دەرکردووە، کەتییدا بەڵینی دەرکردنی یاسای نویێ دەدات.

**شلیابنیکۆڤ** :

بەڵێ. ئا ئیستاکە. پاش ئەوەی دروشمی رووخاندنمان چراند.

**ترۆتسکی** : راگەیاندن لەو خوینریژەوە. بەچاوی خۆت دەبینیت کە رای مە

چیيە لەسەر راگەیاندنێکی وەها قیزەون.

( ترۆتسکی پارچە کاغەزێك دەدرێنێت. تەقەی تفەنگ. سەربازەکان بڵاوە بەخەلکەکە دەکەن. ژمارەیەکیان لیدەستگیر دەکەن لەوانە دویچ و بارفوس. هەروەها شلیابنیکۆف و ترۆتسکییش دەستگیر دەکەن و بەپالپیوەنان بەرەو میزەکە دەیان بەن. جەماوەرەکە سەر شانۆ چۆلدەکەن).

( دادگەر و کارمەندانی دادگە دینەژوورەوە. دادوەرەکان بەرەو میزەکە دینو دادەنیشن. سەربازەکان بەخەنجەری چەکەکانیان پاسەوانی زیندانییەکان دەکەن. سەرۆکی دادگە زەنگی دادگە لیدەدات).

بەلێ، جەنابانی دادگەر. بەلێ ئەوکارانە کاری شۆرشگیرانەن کە پێی هەلدەستین. بەلێ ئیمە دنەی یاخیبوونو شۆرش دەدەین. بەلام شۆرشی جەماوەری پیویستی بەکەس نییە رابەری بکات و دیاری بکات. بەخۆی دەتەقیتەوە. ئەوەی مە کردوومانە تەنیا روونکردنەوەی هۆیەکانی پیویستبوونی شۆرش بووە. پیمان ووتون کە بواری خۆلادان لە رووبەرووبوونەوەی ئاشکرا نییە. بۆمان روونکردنەوە کە ئیمە بەردەوام قوربانییەکی فریوخواردوو بووینو پیویستە خۆمان بە خۆمان ئازادی بەدەستبینین. ئەنجومەنی سۆڤیەتەکانی کارگەران چەکداربوون بۆ هیرشی راستەوخۆ بۆسەر دەزگاکانی کوشتوبری جەماوەر کە هیشتا پییدەلین دەولەت.

(توریی و هەلچوون. سەرۆکی دادگە زەنگ لیدەدات ).

گەر ئەو رەفتارە توندوتیژانەی سەربازانو پیاوەکانی پۆلیس، گەر ئەو کوشتوبرەی کە لە دژی کارگەرانو وەرزیران ئەنجام دەدرین نوینەرایەتی دەولەتی ئیستاکانەی ئیمپراتۆری روسیە دەکەن، ئەوا مە ریگە بە خۆمان دەدەین کەچەك لە دژی دەولەت هەلگرینو رووی چەك لەدەولەت بکەین. هیشتاکە یاساو دادگەکان ملکەچی دەسەلاتی ئەم رژیمەن. ئیوەش ئەی جەنابانی دادگەر پشتیوانی ئەم رژیمەن لەدژمان. ئیمە نوینەرانی چینی کارگەرین. رۆژیك دیت کە لەبەردەم دادگەکانماندا،

دادگەکانی گەڵدا رادەوەستن بۆ پایەمالیکردنی ئەم رەفتارانەتان.

( دووبارە لیدانەوەی زەنگ. دادگەرەکان دەچنە دەرەوە.

زیندانی‌یـــەکان بـــەمیز چواردەوریـــان دەدریـــت. ســـەربازەکان دەکشـــینەوە دواوە.

زیندانی‌یەکان یەك لەدوی یەك بلاوەی لیدەکەن. مراچکۆفسکی و ناتالیا لەداوەی شانۆوە دەردەکەون. سەربازان پاش‌وپیشیان لیگرتوون. ترۆتسکی لەتەنیشت میزەکە دادەنیشیت).

## ٦ دوورخرانەوەی دووەم :

زیندانی‌یـەکانی‌تر لەبەشـی دواوەی شـانۆ دادەنیشـن. ناتالیا بەهیواشـی دیتـە پیشەوە. ترۆتسکی کاخەزو پەرتووك لەسەر میزەکە ریکدەخات، هـەروەها بەسـەلیقەوە پیداویسـتی‌یەکانی نووسـینی ریکدەخـات. بەهــەمان بـاری پیشـووی دانیشـتنەکەی لەسەرەتای شانۆیی‌یەکەدا بۆ چەند ساتیك دادەنیشیتەوە.

**ترۆتسکی** :

هەندیکجار وام بەبیردا دیـت کـە شـۆرش لـەکاری ریکخـراو دوورم دەخاتـەوە، هەرچـەندە لەروانگـەی منـەوە شـەرە بیرۆکـە لام گرنگـترە لـە چـالاکی شۆرشـگیرانە. نووسین‌و، پەروەردەی بیریم گرنگترە لەو رووداوانەی لە دەرەوە روودەدەن.

( ناتالیـا دیتـە پیشـەوەو لـە پشـتی‌یەوە رادەوەسـتیت). شـارەکان، ناتاشـا، گلوپـی شـەقامەکان. دەنگـی شـەمەندەفەرەکان. سـەرەرای ئەمـە بۆنـی مەرەکـەبی چاپخانـەکان. رۆژنامەکە تازە لەچاپخانە دەرهاتبوو. شارەکان. مۆسکۆ. زوریـخ. پـاریس. قۆنـاخی سیّیەم لـە دوورخرانـەوە. بەلام پیش ئـەوە. پیـش ئـەوە هیشـتاکە لـەتوانامانـدا هەیـە هـەلیین. لـەویش شۆرشـی داهاتوو بەریوەیـە، دەتوانـین هیـوای پیببەسـتین. ( ناتالیـا دەست دەخاتـە سەرشـانی ) پاریس. ئەوە کـەیبوو ؟ هـەزارو نۆسـەدو سیّ. کە لەسـەر ریمان بەرەو مال دەچووینەوە.

**ناتالیا** : شەقامی گاسیندی ، ژمارە چلو شەش.

**ترۆتسکی** :

بەسەر پردەکەی سەر رووباری سین دا تیپەر دەبووین. دوو کور لەسەر لیواری شیشەبەندەکەوە خۆیان هەلداو، بەسەر ستونیکی چیمەنتۆدا سەرکەوتن. لەپریکا، بەخیرایی‌یەکی سەرکەوتووانەوە بەسەر ستونەکە کەوتی، ئاورت لەدەورو بەرت نەداوە. کراس‌و شالەکەت لیکەوتنە خوارەوە، بەسادەیی‌یەکی ئاسایی‌یەوە، هیچ نەشلەژایت. ئیستاش لەبەرچاومە کە بەکەوشەکانتەوە ئاویزان بوون. مندالەکان تووشی سەرسوومانو رامان بوون.

**ناتالیا** :

ئەوکات وەرزی بەهار بوو، خۆر هەلهاتبوو.

**ترۆتسکی** :

ئایا مافی ئەوەمان هەیە لەبەردەم میژوودا بلیین ئیمە ئەوانەین، کە سەرکردایەتی شۆرشمان کرد ؟ نەخیر. هەزارو نۆسەدو پینج لە پترۆگراد دایچلماندین. لینین پاش روودانی شۆرش گەیشتە بەرۆ. پلیخانۆف بەهاتنەوە بۆ روسیە خۆی تیك نەدا. رینوینی دەکرد کە پەنا نەبەینەبەر چەك. پارتیش ؟ پاش جیابوونەوە زیاد لە هەرکاتیکی‌تر لەجەماوەر دوور بوو. مە ئامادەیی مانگرتنمان نەبوو. لەکارگەکاندا بریاریان لەسەردا. هەلبژاردنی ئەنجومەنی سۆڤیەتەکانی کارگەران، ئەوە یەکەمین کاری شۆرشگیرانەیە.

**ناتالیا** :

تۆ بەخۆت لەویندەرێ بووی. بەسەرۆك هەلیان بژاردی. لە هەموو شوینیك بوویت. رینوینی‌و پرس پیکردن، ووتاردان.

**ترۆتسکی** :

مە بەناوی وانەوە قسەمان دەکرد. هیزمان لەوانەوە وەردەگرت. وەها دەدواین وامان دەزانی کە دەتوانین باشتر لەوان شتەکان دەرببرین. ئەوە باوەر

بەخۆبوونە.                    ( زیندانی‌یەکانی دی بەهیواشی دینە پیش).

باوکی گابون کورە وەرزیریکی کۆزاکی بوو. بۆ بەردەم کۆشکی زستانی پیشرەوایەتی کارگەرانی کرد. شۆرش نەیدەتوانی شۆرشی وەرزیران بیت. باوکی گابوون پەی بەوەبردبوو کە کارگەران لەشارەکاندا بلیسەی شۆرشن.

**بارفوس** :

ئایا دەزانیت دواتر لەکویندەرێ دۆزیانەوە، ئەو باوکی گابونەی کە باسی دەکەیت ؟ لە مۆنتی کارلۆ. ئەو رابەرە کارگەری‌یەت لەسەر میزی قومار پارەی بلاودەکردەوە. ئەم پارەیە لەکوی بوو ؟ لە کۆنت ویتی‌یەوە. لەبەرامبەر جاسوسی کردن بۆ پۆلیس بە سی هەزار رۆبل خۆی فرۆشت. باوەری بە شۆرش نەما. ئاوەها ناپاکی لە شۆرشگیران کرد.

**دویچ** :

باوکی گابون لەدەست دەرنەچوو. بیستم چی بەسەر هاتووە. هاوریيان لەسەر سنووری فینلەندی رایان کیشابووە کۆلیتیك. بەستبوویانەوە. بۆ ماوەی مانگیك روو لەدیوار بەبەستراوی لەویندەرێ مایەوە.

**ترۆتسکی** :

لەگەل ئەوەشدا ئەو بوو شۆرشی دەستپیکرد.

**دویچ** :

لیۆن داڤیۆڤیچ ئەی هەرزەکار. ئەوە شۆرش نەبوو. گەر ئەوە بەکردەوە شۆرش بووایە، ئیستاکە مە لەسیبریا دەبووین ؟ بۆرژوازیمان گەیاندە دەسەلاتو بوارمان دایێ تاوەکو دەستگیرمان بکات. باری جەستەیی مە کە بە سالاچووین جیاوازە لە هی تۆ. توانای راکردنمان نی‌یە. بەلام تۆ.

**ترۆتسکی** :

لیۆ، یەکیك لە پیکهینەرانی پارت بووی. باشە کە لانی کەم یەکیك لەو

دامەزرینەرانە لیرەیە. بەڵام ئەوانیتر. زاسۆلیك هیشتا خەون بە هاوپەیمانی لەگەڵ ئازادی خوازەکاندا دەبینیت. مارتۆف هەر رۆژەی بەلایەکدا بادەداتەوە، لە گومانە بیکۆتاییەکانیدا خنکاوە. پلیخانۆفیش پاش ئاوابوونی ئەستێرەی بیجگە لە دنەدان دژی منو لینین هیچ خەمیکیکەی نییە. بەڵام میژوونووسان تۆماری دەکەن  کە لیۆن داڤیدۆڤیچی کۆنە شۆرشگیر لەسالی ١٩٠٥دا ئاوا بوو کە دەبوو ببیت.

**بارفوس** :

بەڵام لەبارەی کارگەرانەوە، با ئامرازەکانی ئەشکەنجەدان وەبیر خۆمان بینینەوە. کاتیك ئیواران کاتی بەخۆدا چوونەوەم دیت، شەقامە لەبیرکراوەکانو، دیوارە رزیوەکان دینە پیش چاوم. لەتەنیشتیاندا کۆمەلی گەداکان دەبینمو گویم لییە کە دەلین : هیندیکیتر، کەمیکیتر. سەردەکەونە سەرشانی یەکدی. خانمەکان سەیوانەکانیان وەبەر یەکدی دەکەون. جەنابانیش کلاوەکانیان دەهیننە خوارەوەو، بەو خەلکانەی کە لەناو ئەشکەنجەدا دەتلینەوە دەلین: ئافەرین کارگەران. بە شیوەیەکی باش کارەکانتان ئەنجام داوە.بەڵام ئیستا کاتی ئەوەیە، گەر ئەوە وەرستان ناکات، بوارمان بدەن، ئیتر نۆرەی ئیمەیە.

**ترۆتسکی** :

بارفوس تۆ نازانی کارگەران چۆن دەژین. مە لەم زیندانەدا لەوان باشتر دەژین. هەرچەندە لە دابراویشدا دەژین، بواری خویندنەوەیان پیداوین. بەخۆرایی دەخۆینو نیشتەجیّ دەبین. نیوان مە و وان ئاسمانو ریسمانە . بەپیی وان، مە هەردەم لە ریّو شوینیکی باشتردایین.

**ناتالیا** :

بەڵام تۆ لەنیویاندا بووی، هەزارانیان گویرایەلی قسەو باسەکانت بوون، لەسەر شانیان بەرزیانکردیتەوە.

**ترۆتسکی** :

تەنیا  هیندیك جار، ئەولاوازییەی کە دیتە ریمان دەری دەبرینو، لەبیرمان

دەچیت هەرچی دەڵین. وەك كەسیكی بێ گوێ.

**دویچ** :

لەگەڵ ئەوەشدا توانیمان ماوەی كاری ڕۆژانە بكەین بە هەشت كاتژیر. ئەم گرفتە لە زۆربەی وڵاتەكاندا چارەسەركرا.

**ترۆتسكی** :

كارگەران لەم بارەوە پیویستیان بە ئیمە نەبوو، پاش بەدەستهینانی هەشت كاتژیر بە خاوەنكاریان ووت: دەست لەكار دەكشیشینەوە. پیش ئەوە هیچ یەكیك لە مافەكانیان بەدەست نەهینابوو. ئیستاكە مەرجەكانیان خستۆتە پیش.

**بارفوس** :

كارگەران تووشی سزای سەركوتگەرانە دەبن. هەرەشەی دەركردنیان لیدەكەن. زیادكردنی موچە هاوەلدوانەی زیاد كردنی نرخی خواردەمەنییە. هەندیك لە كارگەران بۆ گفتوگۆ ئامادەن. لە هەندیك شویندا كارگەران دە كاتژیر كار دەكەن. لە هەندیك شوینیكەدا نۆ كاتژیر.

**شلیابنیكۆف** :

كارگەرانی كانەكان چۆكیان دانەداوە.

**دویچ** :

مانگرتنە جەماوەرییەكان جگە لە لیدانیكی كوتوپر لەچوارچیوەی هیرشیكی دریژخایەنو بەرفراواندا شتیك بەولاوەتر نین. هیشتا كاتی شۆرش نەهاتووە. كەم شارەزایین. چینی ناوەنجی لەریزی سەرمایەی جیهانیدا رادەوەستیت. قەیسەرەكان پەیان بە بەرژەوەندی هاوبەشیان بردووە. چینی كارگەر لە چەك دامالراوە. چی وای لیكردوون ؟ لەبەر ئەوەی بیزار بوونە لەم بارودۆخە. نەخشەیەكی دروست لەدەستدا نییە. هیزی جەماوەری بەبێ پارت وەك هەلم دەرەویتەوە.

**ترۆتسكی** :

بەڵام هەلم هیز دروست دەكات.

**بارفوس** :

کارایی‌و شەپۆلی رووداوەکانی پترۆگراد دەپەریتەوە بۆ ئۆروپا بەگشتی. ئەم وڵاتە دارزیوە هیشتاکە بەشیکە لە بازاری جیهانی. مەسەلەکە دەگەریتەوە سەر پارتە کارگەری‌یەکان لە رۆژئاوا. پرۆلیتاریا لای مە پیویستی بە خۆ ئامادەکردنەوە هەیە. بەڵام لەو دەستکەوتانەی بەدەستی هیناون ناگوزەریت.

**ترۆتسکی** :

لە قۆناخی دووەمدا سۆڤیەتە کارگەری‌یەکان لەسەرتاسەری ووڵاتدا ریك دەخرین. لە سەرتاسەری روسیەدا کارگەران پیشرەوایەتی سۆڤیەتەکان دەگرنە دەست. میژوو دووبارە نابیتەوە. لەم پەنجا رۆژەدا پرۆگرام بۆ داهاتوو هەلدەهنجینریت ، بەجۆریك کە سەربازان‌و وەرزیران لەشۆرشدا نەخشە دادەریژن‌و پۆلیس‌و بیروکراتەکان دەردەکرین. جەماوەریش چەکدار دەکریت. سۆڤیەتەکان دەبن بە ئامرازیك لە ئامرازەکانی بزووتنەوەی شۆرشگیرانە.

**دویچ** :

بنیامین. تۆ خۆت بەو هیوا خەیالیانەوە هەلدەواسی کە لەسیبریا خەونیان پیوە دەبینیت.. پیت وایە کە لەروسیە هەلومەرج بۆسەرهەلدانی شۆرشی سۆشیالیستی پیگەییوە ؟

**ترۆتسکی** :

پرۆلیتاریای روسی دەریخست کە هیزیکی شۆرشگیری سەرەکی‌یە. دیکتاتۆری خۆیشی دادەمەزرینیت، لەوانەیە پیش ئەوەی وڵاتانی رۆژئاوا بکەونە بزووتن.

**مراچکۆڤسکی** :

داهاتوومان چۆن دەبیت گەر رۆژئاوا پشتگیری نەکردین ؟ مۆنشەڤیکەکان پێ لەسەر دریژەپیدانی ماوەی دیموکراتی بۆرژوازی دادەگرن.هیشتا تەختی قەیسەر پاریزراوە. رۆژئاوا هەولی پشتیوانی کردنی دەدات بە هەر شیوەیەك

بۆی بلویت. وەڵامتان چی‌یە بۆ ئەو بلیسە بەناوبانگەی کە پیتان وایە لە ئۆروپا ئاگر بەرپا دەکات ؟ شەری زیاتر. چەکی فرەتر. تیپی راکیش‌و بزیو بۆ شوینە ستراتیژی‌یەکان رەوانە دەکرین .

( بارفوس لەم کاتەدا وەرزش دەکات. بالی دریژ دەکات‌و ئەژنۆی دەچەمینیتەوە. هەنگاویك بۆ پیشەوە هەنگاویك بۆ دواوە دەهاویت. بەپیکەنینەوە دیتە پیشەوە).

**بارفوس** :

بەلی. بۆلشەڤیکەکان دەستیانداوەتە سووکایەتی کردن بە ترۆتسکیستەکان‌و هەندیکیان پرۆپاگاندەی یەهودایی دەجوونەوە. بیجگە لە ئیمە کیی‌تر بروای بە بیرۆکەی شۆرشی بەردەوام هەیە ؟ مەسەلەکان لەبەرژەوەندی مەدا نین. ئەو سۆشیال دیموکراتەی ئالمان فیلیستاین کۆسکی لەویندەری وەك کەسیکە کە لە دۆلیکدا هاوار بکات. فیلیستاین چ چەکیك دەداتە کارگەرانی روس ؟ روزالۆکسۆمبۆرگیش لەوی‌یە، بەلام تارادەیەك دابراوە. لیۆن مەسەلەکان بەرەو خراپی دەرۆن، هەرچەندە لە دریژماوەدا راستی لەگەل ئیمەیە.

**ترۆتسکی** :

لیرۆکانە شۆرش بەرپا دەبیت. هەموو جیهان نیشانەکانی دەبینیت. شۆرشی نەتەوایەتی ناتوانیت دابراو بیت. بازنەیەکە لەزنجیرەی شۆرشی جیهانی. تیکشکانمان لە مەنشوریا دەریدەخات کە ئاسیا چەندە بەهیزە. چین ریرەوی خۆی دەستپیدەکات. هیندو، ولاتانی ئەمریکای لاتیینیش. شۆرش لە سومرگەکان هەلدەگیرسیت. شکستی تیدا دەبیت. هیشتاکە وورەی دەولەتانی سەرمایەداری بەرزە. بەلام ترس خەریکە روویان لیدەنیت، شەر دەکەویتە نیوانیانەوە بۆپاراستنی ئەوەی کە بەریگەی نادروست‌و دانپیانەنراودا بەدەستیان هیناوە. یەکتر هەنجر دەکەن.

**شلیابنیکۆڤ** :

مە دەبینە قوربانی. کێ تییدا دەجەنگیت ؟ ئیمە. هەمیشە ئیمەین.

( دووبارە بارفوس بە هەنگاوی بچووك‌و، لاقی چەماوەوە دەست بە راکردن دەکاتەوەو،

دەوەستیت).

**بارفوس** :

ئایا مە لە ژیانی خۆماندا چاومان بەمە دەکەویت، ئەم ریگەیەی لە نەخۆشخانەی شیتەکانەوە بۆ سەرزەمینی ئارامو جیگیری کارگەران ؟ من گومانم لەمە هەیە.

گرفتی چینایەتی: لەماوەی پەنجا سالی رابوردوودا، بۆرژوازی سەرقالی بە زانست گۆرینی بوو. هەلومەرجی کارگەران بە ووردی تویژرایەوە بەشەکانی کۆکرانەوەو پۆل پۆل کرانو ریکخران. ناوئاخنی پەرتووکەکان پرن لەگشت جۆرە زانیارییەك لەبارەی کارگەرانەوە. پەرتووکخانەکانی میری بەو پەرتووکانە ئاخنراون. هەژاریو لانەوازی لەسەر کاخەز وەك مەسەلەیەکی بیرکاری تویژراوەتەوە. ئا بەم شیوەیەیە دەتوانی لییبکۆلیتەوە بەبێ ئەوەی هەلتخرینیت یان داتمرکینیت. تاکەی هەناسە دەدریت ؟ تاکەی خواردن لە زەوی دەردەهینریت ؟ دەتوانیت چەند ژنو پیاوو مندال لەمالیکدا نیشتەجێ بکەیت، بەبێ ئەوەی تووشی دژواری دەرونی ببن ؟ کەی گرفتەکان چارەسەر دەکرین بەبێ سوود وەرگرتن لەتیکۆشانی مرۆڤ ؟ ئاوا بەرە بەرە رادەی خۆراگرتن بەرز دەکەنەوە بۆ بەرزترین ئاستی خۆراگری. ئاوهاش کاروبارەکان بۆ پەنجا سالیتر بەردەوام دەبن. کارگەر وا هەست دەکات کەرۆژ لە رۆژ بەختەوەرترە. لەگەل ئەوەشدا داواجار هیچ سوود نابینیت بیجگە لە دیاریکردنی رۆژکار بەهەشت کاتژیر.

**دویچ** :

بارفوس. خەریکی راهینانەکانت بە. راهینانە وەرزشییەکانت. ماسولکەکانت بەهیزکە. لیهاتوویت پتەوکە بۆ ئامادەیی هەلهاتن. کاتمان نییە تاوەکو لیرۆکانە مانگانو سالان وەك بێ دەستوپێ دانیشین. دریژە بەقسەکردن دەدەینو لە مشتومردا وون دەبین.

**بارفوس** : وایە : ئەی شارەزای ئازیز لەکاروباری هەلهاتندا، من وەکو

تۆمتمانەم بە خۆم نییە، لەوانەیە رۆژێك لە رۆژان دژەخون بووبم لە چینەکەم، بەڵام سۆشیالیزم لەروانگەی منەوە شتێك نییە بێجگە لە باوەڕێکی بێ تویکڵ. باس لە جەماوەر دەکەین. لەراستیدا جەماوەر لە روانگەی ئیمەدا چییە؟ ئایا بێجگە لە دەستەو کۆمەلی بێ شۆناسنامە مانایەکیتر دەگەیینیت یان جۆریك لە تەمو مژی میژوویی ؟ چیم بەبیردا دیت کاتیك کە بۆنی هەژاری کویرم دەکات ؟ لۆگانۆ. دارستانی داربەروو. لەویندەری مالیکم هەبیت. لە کان یان لە نیس. قاوەیەکی دەمکراو. مە لەباوکی گابون باشتر نین. دەریا . دەتوانی دەریا بینیتە بەرچاو؟ شینایی‌یەکی بیگەرد. نە رمە شەپۆلی دلرفین. کاتی تیرامان هاتووە. من بەرەو دەریا دەچم.

( بەرەو دوا دەگەریتەوە . شانۆکە بە هاتووچۆ دەپیوییت، دەچەمیتەوە، وەك کەسیك کە بەرد بهاویت دەستی دەبزوینیت.

دویچ و شلیابنیکۆف و مراچکۆفسکی‌یش دەکشینەوە دواوەو بێجگە لە ناتالیا هەمووان وون دەبن. ترۆتسکی کاخەزەکانی لەسەر میزەکە ریکدەخات. لیۆن سیۆف لەلای دواوەی شانۆوە دیتە ژوورەوە).

**ترۆتسکی** :

پینووسەکان. بۆچ پینووسەکان دانەتاشراون ؟ لیف کوا پینووسە سوورەکە ؟ بۆچ دوا لاپەرەکانتان کوپی نەکردوون ؟ ناتاشا دەرمانەکانت بۆ وەرگرتم ؟

( ناتاشا قوتوی دەرمانەکە و پەرداخیك ئاوی بۆدینیت. چەند دلۆپیك دەکاتەناو پەرداخە ئاوەکەوە، دەیخواتەوە، خۆی گرژ دەکاتەوە و موچرك بەلەشی‌دا دیت. هەست لەلیدانی دلی رادەگریت).

مەلاریا. لیرۆکانە بە مەلاریا دەمرم.

( لیۆن سیدۆف چەند نامەو رۆژنامەیەکی دەداتە دەست).

**لیۆن سیۆف** :

بابە لە ئیلکسەندراوە هەوالمان پیگەیشت. نینا نەخۆشی‌یەکەی

سەختتر بووە. هەروەها زینایش نەخۆشەو هاوسەرەکەیان دەستگیرکردووە. نزیکەی هەشت سەد کەسیان لە پیاوانی مە دوورخستونەتەوە.

( ترۆتسکی سەرنجی لەسەر نامەکان لادەدات).

بارودۆخمان : لەلایەکەوە بیروکراتیانەو سەرکوتگەرانەیە. لەلایەکیترەوە چینی کارگەر کەمتەرخەمو دوورەپەریزە. هاوەلە دلسۆزەکانمان، ئەوانەی کە کاتی خۆیان بۆ شۆرش تەرخانکرد. رۆلیکی کاریگەریان بینی لە پیکهینانی کۆماری سۆڤیەتیدا، ئیستاکە لەزیندانەکانیدان یان لەدوورخراوگەن. هەندیکیان لەژیرفشاردا خۆبەدەستەوە دەدەن. ئایا ئەوانیتریش خۆرادەگرن ؟

**ناتالیا** :

ئەی هەوالی سیرشا هەیە.

**لیۆن سیدۆڤ** :

هیچ.

( ترۆتسکی نامەکە دەخوینیتەوە).

**ترۆتسکی** :

راکۆفسکی لەبارەی دانتیەوە دەنووسیت. بەلێ. ئەمە خۆی لە خۆیدا بەرئەنجامی دەوروبەریکی کۆمەلاتی بەرتەسکە. هەروایە. گالتەجاری پەرستگار دەردراوی بەرژەوەندییەکی چینایەتی دیاریکراوە. بەلام گەر وینەی چینی سەروەر لەتفەنگی سەدەی نۆزدەدا بووایە ئەوا فریمان دەدایە لاوە. بروانامەیەکی میژوویی. هەرچەندە دانپیانانیکە بەچاخەکەیداو تۆمارکراویکە لەگەشەی دەروونی ئەوا پەیوەست دەبیتەوە بە بیرۆکەکانی مەوە، سنووری سەردەم دەبریت. بەلی. فەرمانی مردنی بەسووتاندن بەسەردا درا پاشان توند بەستیانەوەو خستیانەسەر کۆمەداریك . لەدوورخراوگە نووسیویەتی. ریگەی گەرانەوەی پینەدرا.

( یەکیك لە ئەفسەرەکان دیتە ژووری).

**ئەفسەرەکە** :

لیۆن داڤیدۆڤیچ چۆنیت ، ئەی ناتالیا تۆ ؟ تۆ چۆنیت لیۆنا؟ باش دینە بەرچاو. گەر هەستان بە ترسو تەنیایی نەکردایە.

**ترۆتسکی** :

مرۆڤ هەست بە تەنیایی ناکات ئەوەندە نەبیت کە گرنگی پیدەدات.

( ترۆتسکی رادەوەستیت بەبێ ئەوەی لە ئەفسەرەکە نزیك بیتەوە).

**ئەفسەرەکە** :

پیت وانی‌یە کە لەتوانادا هەیە شتیك بکریت ؟ بۆ نموونە هەولدان بۆ پیکهاتنەوە ؟

**ترۆتسکی** :

پیکهاتنەوە ؟ قسە لە پیکهاتنەوە مەکە. نەك لەبەر ئەوەی کە من پیی رازی نابم بەلکو لەبەر ئەوەی لەگریمانەکانی ناکۆکی‌دا نەهاتووە. ئەو ریگەیە دەگرمەبەر کەبیروکراتی ناچاری کردم تا کۆتایی بیگرمەبەر.

**ئەفسەرەکە** :

پیم راسپیردراوە کە ئەم نامەیەت پی رابگەیینم. لیۆن داڤیدۆڤیچ گەر سنووریك بۆ چالاکی‌یە دژە شۆرشی‌یەکانت دانەنییت، ئەوا ناچار دەبین لیرۆکانە بتگویزینەوە.

( ئەفسەرەکە نامەکە دەداتە ترۆتسکی‌و دەروات بەریی خۆیدا.

ترۆتسکی نامەکە دەخوینیتەوە. بەرەو میزەکە دەرواتو بەخۆدادان بەسەر کورسی‌یەکەدا دادەنیشیت. لیۆن سیدۆڤ نامەکە وەردەگریتو دەیخوینیتەوە).

**لیۆن سیدۆڤ** :

نامەی ئیلکسەندرایە، ٩ی یونی ١٩٢٨. سێ مانگە. نینا. ئەمرۆکە نینا مرد.

( ناتالیا باسکی بەشانی ترۆتسکی‌یەوە ئاویزان دەکات. چەند خولەکیك لەم بارەدا دەمینیتەوە. پاشان لەگەل لیۆن سیدۆڤ دەچیتە دەرەوە. ترۆتسکی هەلدەستیتەوە، بەرەو چرپا گچکەکە دەرواو لەبانی رادەکشیت).

## جـــاری گـــەردوون    هەژین

چەند خولەکیك لیپرسینەوە بوو بەچەند مانگ، ئیتر کەسیك نەبوو دلنیا نەبووبی و بـۆی رۆشــن نەبووبیتــەوە، کــە گیرانەکــەی پــەیوەندی بــە دامەزراندنــەوەی دەزگــای ئاسایشەوە هەیە کە لە سەردەمی راپەریندا لەلایەن جەماوەری تیك شکیندرا بوو، رۆژی فیدرالیەت لە کوردستان، رۆژی مانۆری هیز بوو بۆ ترساندنی جەماوەر لەوەی کە هەر هەنگاویك دژی شەر، بەگرتن و ئەشکەنجە وەڵام دەدریتەوە. چەکدارە شرەخۆرەکانی ئەفواج خەفیفە کە جەماوەر ملکەچی واقیعی کری‌بوون ئەورۆکە ئاسایش پاریزبوون ! رەش بگیری رۆژی جاردانی فیدرالیەت خەلکی لەو خەوە داچلەکاند، کە لە سایەی کورانی گەل و نیشتمان چاوەرێی هەلهاتنی خۆر بوون.
رارەوی نیوان ژوورەکان وەك رۆژەکانی دەساڵ لەوەوبەر ژوور بە ژوور زیندانی‌یەکان بۆسەرژمیری ریزکرانەوە. پاسەوانەکان لوولەی چەکەکانیان ئاراستەی نیگای پرس و چاوەروانی زیندانی‌یەکان راگرتبوو، زیندانەوان دەتووت یاری‌یەکانی سەردەمی چەقاوەسوویی وەبیر دەهاتەوە، خیرا خیرا دەستی بۆ زیندانی‌ی‌کان رادەکیشا

**زیندانەوان** : دەستی ئاراستەی دواکەس دەکا    تۆ

**زیندانی** : ٣٣- ئەحمەد محەمەد عەلی

**زیندانەوان** : چی ؟ جاریکە تر

**ئەحمەد** : ئەحمەد محەمەد عەلی .

نەخیر، تۆ یەکەم جار شتیکی ترت گووت.

**ئەحمەد** : نەخیر هەر وام ووت .

**زیندانەوان** : ئم، باوابێ. خیرا برۆنەوە ژوورەوە، خۆتان کۆبکەنەوە. لە بیرتان نەچیت ناو ژوورەکەش خاوین کەنەوە، ئەگینا

لەگەڵ ژیانەوەی هیوایەك، هیز وەبەر ئەنۆو بزەی بۆ سەر لیو دەگەرایەوە. بەخیرایی پرسیارە بێ ئەژمارەکان، هەنگاوەکان پیشبرکیان دەکرد. هەرکەسەو لەناخی‌دا

خۆزگەیەکی دەخواستو بەرنامەی دادەرشت کەچی بکات لەگەڵ یەکەم چرکەی دەرچوون و رەهایی. لە خوشیانا بە پەلە ناو ژوورەکەیان ئەم دیو ئەو دیو کرد، دەت ووت چاوەروانی میوانیك دەکەن ، یان لەسەر سەفەرن هەریەکە شتیکی دەگووت:

– من نەم ووت هیچ نی‌یە بەردەبین ، بابە گیان خۆ پیاومان نەکوشتووە، هەر دەبێ ئازاد بین ، کاکە ئەمانەنش هەقی خۆیانە لەخەلك بپرسنەوە، چاك و خراپ هەیە ، ئەدی کو کاکە هەر پیاو توشی دەردی سەری دەبیت ئەم قسانە هیندەی‌تر خۆزگەو هیواکانی ئاری و ئەحمەدیان وەبەر پیلەقان دەدا

ئەحمەد : ئەوە چیتانە ئاوا کەوتوونەتە ماستاو ساردکردنەوە، مەگەر قسەکانی خۆتان لەبیر چوونەوە، کە چۆن دوینێ شەو کەستان بەم وەزعە رازی نەبوون، بۆ پیتان وایە ئازاد دەبن ؟ نا بە هەلە داچوون گەر ئازاد بونایە سەرەتا بانگ دەکران‌و لیپرسینەوە دەکراو، بەلینیان لێ وەردەگرتن کە جاریکی‌تر کاری دژی یاسا نەکەن و گوێ رایەل بن، هەروا بەئاسانی میوانداریەکە تەواو نابیت !

**کورە ئاغا**: خوا ئەکات بەرەلاَم دەکەن، من مەمنون و تا ماوم لەقسەیان دەرناچم.

**ئاری** : بۆ پیت وایە ئیستاکە خەریکی چیت، ئیستاش هەر نۆکەری ئەوانی، تۆ زیندانی نیت هەر کات وەرس بووی دەتوانی برۆی !

**کورە ئاغا** : دەمت بگرە، ئەگینا ئیستا عەبدولخالقی زیندان بانگ دەکەم.

**ئەحمەد** : جا بۆ بانگی ناکەی لەوە زیاتر چی دەکەن کە کردوویانە، قابیلە زیندانیکی‌تر دروست کەن لەناو زیندانـدا ؟ ! ئیمە بە ئاشکرا دەلین کە خۆیان و سەرکردەکانیان خوین خۆری خەلکن، خەلك راپەری و دەزگەکانی ئاسایش‌و پۆلیس و سەربازگەکانیان تیك شکاند، ئەوان هاتن‌و تازەیان کردنەوە. لەبیرتان چوو چۆن لە راپەرینی دووەم دا، هەر ئەم جەنابانە لەگەل ئەمنەکاندا لەبەردەم پاریزگە دەستیان بەسەر جەستەی لەخوین گەوزاوی چەند کەس دا گرت کە بەدەستی بەعسی‌یەکان کوژران. ریباز دەستی بەسەر جەستەی ئاراسدا داگرتبوو ؟

**ئیسمایل**: بابە گیان وازبینن، کەی کاتی ئەوەیە، بابزانین چیمان بەسەر دیت ئەوسا شەر بکەن.

تەق و هوری کرانەوەی دەرگە، ووشەکانی لەزاردا پچراند، عەزیزی پاسەوان و چەند چەکدار –: هەستن بەریز دەستی یەکتر بگرن و بەهیواشی وەرن بەدوامدا

لوولەی چەکەکان بەرووی پرسیارە سەر بزیوەکاندا هەلشاخانەوە، هەنگاوە لاوازەکان بەدوای ئاویلکەی خوزگەکانەوە دەکشان و لەسالۆنەکەی ئەوبەر بەربەست کرانەوە. بۆنی بۆیاخی ژوورەکان، مشتەکوڵەی لەدەمی حەزەکان دەدا. شوینەواری نووسین و یادگاری دەستموکانیسەردەمی بەعس هیشتاکە مابوون. لەچاوی واقوورماو دلە خەمگرتووەکانەوە پرسیاری پەریشان و نائارام، خۆیان بە تەلبەندی پەنجەرە ژەنگنیەکەدا دەداو پەل وپۆ شکاو لەژیر ئەشکەنجەدا دەبورانەوە. گومان ئەژنۆی ووشەکانی ووشك کردبوو: – لەوانەیە لیرە چاوەریٚ تەحقیق بکەین ، لەوانەیە بۆ هەمیشە لیرە بین ، لەوانەیە چاوەریٚ دەستووری ئازاد بوونمان بکەن .، لەوانەیە تاوانبارو بیٚتاوان لیك جیابکەنەوە .

**ئارام** : بەلام من پیم وایە بەشی دووەم میوانداریەکە دەست پیٚ دەکات.

**ئاری** : بزانە چ فیل و تەلەکەیەك لەژیر سەریان دایە !

**ئەحمەد** : لەوانەیە زیندانیتر هاتبن و ئیمە کۆنەکان لەبەر ئەوەلیەت داربوون ریزیان بۆ دانابین بە حیسابی کۆنە .

جیرەی دەرگەکە زنجیرەی خەیالٚ دەپسینیٚ و خەو لەچاوی حەزە بریندارەکان دەزرینیٚ. درەوشانەوەی تیشکی گلۆپەکە لەسەرپرچی زەردو لیوی سووری دوو خانمی جوان وشیك پۆش، وەلام بە بۆو گومان ناخ ئاژنەکان دەداتەوە. گۆنای ئالٚ و باسکی سپی و سۆلیان سوییان وەبەر رەبەنی دینایەوە. بەنەرمە جوولەیەك ووشەی هەللەو لەسەر زاریان سەمای دەکرد پیکەنین و بەزەیی لیك ئاویزان بوو بوون، بلیسەی نیگا بەر بەست کراوەکان ئاویزانی باسك و گەردنیان دەبوو . دەنگی پیاوە

هاوکارەکەیان، هەنگاوی خەیالە سەرشیتەکانی سلماندەوە

– من وەرگیرم، لەگەل ئەم دوو خانمە هاتووم  چاوپیکەوتنتان لەگەل بکەین، ئەم دوو خانمە رۆژنامە گەرن، ئەگەر ئامادە بن ئەوا چاوپیکەوتنتان لەگەل دەکەین .

لەگەڵ دانیشتنیان لەنیوەراستی ژوورەکەدا، زیندانی‌یەکان لییان خربوونەوە، دوو پاسەوانیش لەدەرگەی ژوورەکەدا چەقیبوون وچاویان لە زیندانەکان زەقدەکردەوە. لەسەرزاری هەریەکیك خەرواریێ سکالا نۆرەیان گرتبوو بۆچرین، بەچرنووك کاتیان رادەگرت تاوەکو نۆرەیان بیت. ووشەکان لەزاردا وەك بالداری لەقەفەز هەلدەهاتن و لەسەر پەراوی  خانمۆلەکان دەنیشتنەوە، جارجارە حەزە کۆتکراوەکانی رەبەنی نیگا جادوویی‌یەکانیان رادەمووسی و بەدزی لوولەی چەکەکانەوە تیکەڵ دەبوون، هەندیکجار هەستەکان  یەگتریان دەدواندو پەیامە نهینی‌یەکانیان بەیەکدی دەگەیاند. ووشە یاساخەکان پاسەوانەکانی هەراسان دەکردو پیشیان دەخواردەوە

**وەرگیر** : خالە ناوتان چی‌یەو خەلکی کوین ؟

**زیندانی**: من ناوم مەولوودە و خەلکی ئەم شارەم ( هەولیر )، زیاتر لە (٢٠) سالە کریکاری کارگەی جگەرەم.

**وەرگیر** : تەمەنت چەند دەبیت ؟

**مام مەولود**: ٥٧ سالە .

وەرگیر : لەسەر چی گیراوی ؟

**مام مەولوود** : نازانم .

**پاسەوان**: درۆ دەکات، چۆن نازانیێ !

**وەرگیر** : لەکویێ گیرای ؟

**مام مەولوود** : لە مالەوە خەوتبووم .

**وەرگیر** : تەحقیقت لەگەل کراوە ؟

**مام مەولوود** : نەخیر .

**وەرگێر** : سەربە چ حزبێکی ؟

**مام مەولوود** : هیچ حزبێك.

**وەرگێر** : پێشتریش هەروا ؟

**مام مەولوود** : بەلێ سەر بە هیچ حزبێك نەبووم، بەڵام هەمیشە دژی بەعس بووم.

**وەرگێر** : زۆر باشە مامە، سوپاس.

**مام مەولود**: ئاخر کاکە تاکەی ئەمە لیرۆکانە بین، بۆ ناهیلن، ژن و مندارمان بینە کنمان ؟

**وەرگێر** : ئیمە هیچمان پێناکرێ، رۆژنامەگەرین  ئەی تۆ خالە گیان، ناوتان چی بوو؟

**زیندانی** : خدر حمد ئەمین .

**وەرگێر** : بۆ گیراوی ؟

**مام خدر** : نازانم

**وەرگێر** : کارت چی‌یە ؟

**مام خدر** : سایق لۆری .

**وەرگێر** : لەکوێ گیراوی ؟

**مام خدر** : چوو بووم بۆ سەردانی خزمێکمان لەتەیراوە.

**وەرگێر** : سەر بە چ حزبێکی ؟

**مام خدر** : هیچ حزبێك بەڵام کورەکەم شەهیدی پارتی‌یە.

**پاسەوان** : درۆی دەکات، پیاوخراپە !

**مام خدر**: کورم پیاوخراپ لەدەرێ‌یە، کەیف دەکاتن !

**وەرگێر**: ئەی تۆ برادەر بۆچ نایێیتە پێشێ، ناوت چی‌یە ؟

**زیندانی**: من ئامادە نیم وەڵام بدەمەوە، تاوەکو نەزانم بۆچ گیراوم !

**وەرگێر** : بەلێ چۆنت پێباشە.

**زیندانی‌یەکی‌تر**: ئەمن ناوم عەزیزە.

**وەرگێر** : خەلکی کوێی ؟

**عەزیز** : خەلکی هەولێرێ.

**وەرگێر** : لەسەر چی گیراوی ؟

**عەزیز** : نازانم، لەسەر براکەم، براکەشم لەسەر برا گەورەکەم، برا گەورەکەشم لەسەر من.

**وەرگێر**: تینەگەیشتم، مەبەستت چییە، بۆمان روون ناکەیتەوە

**خانمەکان**: روو لەوەرگێر چی ووت پیمان بلێ ؟

**وەرگێر**: لیی تینەگەیشم، داوام کرد روونی بکاتەوە

**عەزیز** : ئیوارە گەرامەوە ووتیان خۆت بشارەوە بەدواتدا دەگەرین، منیش ووتم بۆ ؟ ووتیان محەمەدو دەشتی لەسەر تۆ گیراون.

ووتم چۆن لەکوێ؟ ووتیان سەرەتا محەمەد ووتویانە تا دەشتی‌نەیت ئازادی ناکەین، کە ئەو چووە، ئەویش گیراوە ووتویانە تا عەزیز نەیت، ئازاد نابن، منیش بێ سێ و دوو هاتم تا براکانم ئازاد بن. ئاخر مال و منداليان هەیەو براگەورەکەم تا راپەرینەکە خۆی پیشمەرگەی بووە.

**وەرگێر** : کارت چی‌یە ؟

**عەزیز** : ئیمە چوار براین وینەگرین.

**وەرگێر** : پلەی خویندەواریت چەندە ؟

**عەزیز** : لەبەر ئەوەی نەخۆشی بورانەوەم هەبوو، نەم توانی خویندن تەواوبکەم.

**خانمەکان**: پرسیار لەو لاوەی بکە، زۆر پەریشان دیارە !

**وەرگێر** : وەرە پیشێ، نزیك بەوە، ناوت چی‌یە ؟

**لاوەکە** : عبدالقادر.

**وەرگێر** : کارت چی‌یە ؟

**عبدالقادر** : خویندکاری زانکۆم دوای خویندنیش لە حەلاقە کاردەکەم.

**وەرگێر** : لەکوێ گیراوی ؟

**عبدالقادر** : لەماڵەوە.

**وەرگێر** : بۆ گیراوی ؟

**عبدالقادر** : نازانم

**وەرگێر** : چۆن گیرایت ؟

**عبدالقادر** : لەماڵەوە بووم. وەختێ زانیمان لەسەربانەوەچەکدار دابەزینە حەوشەکەمان، میلیان لێ راکیشام و دەستگیریان کردم. دایکم باوەشی پیداکردبووم، نەیدەهیشت بمگرن بەڵام بێ فایدە بوو. چەکداریکیان قۆناغیکی لەدایکم داو قوڵی دایکم شکا، منیش پەلامارم دایێ و ئیتر هەر ئەوەندە دونیام دی وەك جلکە کۆنیان لێ کردم.

**پاسەوان**: قوربان درۆ دەکاتن، کابلی تەلەفۆنی دزیوە بۆیە دەستگیر کراوە.

**عبدالقادر** : من نە دزم و نەسەر بەهیچ حزبیکم. ئەمانە درۆ دەکەن. ئەوانە دەستی دایکمیان بۆ شکان، گەر من دزم ئەمانەی‌تر بۆچ گیراون ؟

**خانمەکان** : ئەو چەکدارە چی ووت ؟

**وەرگێر** : دەڵیت درۆ دەکات، ئەوە دزە .

**خانمەکان** : داوایان لێ بکە بابچنە دەرەوە، یان ئیمە دەچینە دەرەوە؟

**وەرگێر** : کاکە وا خانەکان داوا دەکەن کە ئیوە بچنە دەرەوە !

پاسەوانەکان: ئاگاتان لە زارتان بیت، پاشان خۆتان دەزانن، پیتان وانەبێ ئەم قسانە بڵاودەکرینەوە !

**وەرگێر** : تۆ ناوت چی بوو؟

**زیندانی**: من

**وەرگێر** : بەڵێ تۆ !

**زیندانی**: من ناوم، ئارامە. ئیمە سێ کەسین، پرسیارەکان ئاراستەی ئەم هاورێیەمان

بکە !

**وەرگێر** : فەرموو، ناوتان چی بوو ؟

**زیندانی**: ئەحمەد محەمەد عەلی.

**وەرگێر** : خەلکی کوێی ؟

**زیندانی** : کەرکووك.

**وەرگێر** : لەکوێ گیراوی ؟

**ئەحمەد** : لەماڵەوە دوو کەس بووین. ئەو هاورێیەمان لەسلیمانییەوە بەسەردان بۆ لای مە هاتووەو هەواڵمان بزانیت یەکسەرە گرتوویانە.

**وەرگێر** : لە چ حزبێکدا کارتان دەکرد ؟

**ئەحمەد** : ئێمە کۆمۆنیستین .

**وەرگێر** : مەبەستان پەکەکەیە ؟

**ئەحمەد** : نەخێر، پەکەکە ناسیونالیستن.

**وەرگێر** : کارتان چی بوو ؟

**ئەحمەد** : کتێب فرۆش.

**وەرگێر** : نێوانتان لەگەڵ پەکەکە چۆنە ؟

**ئەحمەد** : چ نێوانمان نییە، بۆ مە هەردوو لای شەرکە وەك یەکن، ئێمە دژی ئەم شەڕەین.

**وەرگێر** : ئەشکەنجە دراون ؟

**ئەحمەد** : ئەشکەنجەی جۆراو جۆر، ئەشکەنجەی دەرونی و جەستەیی هەموو شتێ دەکەن. هەر ئەوەندەی کە ئێمە ئازادیمان لێ زەوتکراوە گەورەترین ئەشکەنجەیە، زیندان زیندانە چ ئەشکەنجە بدرێی یان نە. سەرلەبەیانی رۆژی رەشبگیرییەکەی رۆژی فیدراڵەت، دژی دامەزراندنەوەی دەزگەی ئەمن وەستاینەوە، هەر لەسەر ئەوشتانەش گیراوین.

**وەرگێر** : زۆر سوپاس کاکە گیان، باپرسیاریکیش ئاراستەی هاوریکەت بکەین :
تۆ چون گیرایت برا ؟

**ئاراس** : من ئەمرۆ لە سلیمانییەوە هاتم، کە چوومە مالی ئەمان دراوسیکانیان ووتیان «ئاسایش گرتوونی». منیش یەکسەرە هاتمە لای بەریوەبەری ئایش و لیم پرسی: بۆچ گیراون، لەوەلامدا ووتی « یاخوا بەخیر بییت، کاکی کۆمۆنیست، زۆرچاکە بەپیی خۆت هاتووی.»

**وەرگێر** : خانم وابزانم، روونە.

**خانمەکان** : ئۆکەی ..

جیرەی دەرگە کۆتری نیگا تامەزرۆکانیانی هەلفراندو خۆزگەکان لەژانی دابراندا دەتلانەوە.

**پاسەوان** : کاکە، کاتی چاوپیکەوتنەکە تەواو بوو، کاك سمکۆ گازتان دەکات.

خوین زابووە دەماری خۆزگەکانەوە، لەگەلْ نیگای بەزەیی ئاویزانی یەك بوون و بزەیان لەسەر لیوە رەق هەلهاتووەکان دەچاندو، ووشە یاخییەکان لە دوو تویی پەراوی خانمانەوە هەلپەی هەلهاتنیان بوو. بریسکەی خەونەکان لەسەر بەردە نیژراوەکانی قەلا دەدرەوشانەوە. کۆترە لانەوازەکان گۆرانییان بۆ سەرخەویکی بێ پاسەوان دەچری. لەکپی شەوەزەنگدا، ئاوازەی عیشق، رازە تەنیاکانی دەهۆنییەوەو دەیکردنە ملی ئەستیرە چاو وردیلەکان، تا ریبوارانی خەونەناس لە کەشکۆلی ئاوارەییدا بیانپاریزن. خەونە سرگەکان، برینە کۆنەکانی ئارام و عەلیان دەهینایەوە سۆو دەروونی لیواو لیوی خەم و پەژارە دەنگەژیی حەزەکانیان لەراندەوە، ئەشکی چاوو پلمە گریانی پەنگخواردووی سۆزە ویلەکان تەقینەوە. دەنگی دەستریژێ روناکی لەچاوی گلۆپ و دەنگی لەقورگدا بری، دەستریژ بەدەستریژەوە دەنراو جنیو بەگەرووی جنیودا دەچزا شەق و پیلاقەی سەرپشتی نامۆ جیرەی لەدەرگە هەستاندو جەستەی لەخوین گەوزاویان کردە مۆمێ بۆ تیشکدانە چاوی پرسیارە بزیوو بێ

ئارامەکان.

**پاسەوان** : سەگی کوری سەگ، تەقەی لەسەیارەی کاك کۆسرەتی دەکەی، دەبخۆ ئەوە دەردت بیت.

**نامۆ** : کەرە من نەبووم، من پیشمەرگەم. بۆ وام لیدەکەن، دایك ینە !

**پاسەوان** : دەرگەکە بەتوندی بەرووی پرسیارەکەی مەمۆدا دادەخات.

دەموچاوی توکنو روخساری دیوانەی نامۆو ریچکە بەستنی خوین لە برینە کانی‌یەوە چەخماخە لەبیری زیندانی‌یەکان دەداو بارانی پرسیار بەسەریدا دەباری :

– بۆتەقەت لەکۆسرەتی کرد ، خەلکی کویی ، سەر بە چ حزبیکی ،ناوت ؟

**نامۆ** : ناوم ((مەمۆ)) یە خەلکی کەرکووکم، پیشمەرگەی گەرمیانم.

ئەدی بۆ واتکرد، مال خراپ ؟

**مەمۆ** : هیچم نەکردووە، لەنادی بەرەو ماڵ دەرچووم ، بوو بەتەقەو من لەو ناوە گیرام.

– هەر وا لەخۆرا ؟

**مەمۆ** : ئەی چی، ئەی تەقەتان لەکێ کردووە ها ها ها، ئای بالم !

– کێ تەقەی لیکردی، تۆش تەقەت لەوان کرد، کویندەریت برینداره ؟

**مەمۆ**: بوتلە عارەقیکم پی بوو، دامیانە بەر دەستریژو بیهۆش کەوتم، ئیتر نازانم، بەپیلەقەی عەقید سمکۆ بەئاگا هاتم

جیرەی دەرگە قسە شەکەتەو بیگیانەکانی مەمۆیان بریو دەموچاوی هەلپیچراوی عەولخالقە زەردو عەلە سەوز رازەکەی مەمۆیان لەسەر لیوی کفن کرد. لەگەڵ هەر پرسیاری جیکوتەکی فیفتی فیفتی لەسەر جەستەی رووتو هەلواسراوی مەمۆ دەنەخشینرا.

**عەولخالق** : قەحبە باب دەتویست کاك کۆسرەتی بکوژی، کێ هانیداوی، بەعس ؟

**مەمۆ** : ئەی هاوار من پیشمەرگەم، کوشتنی چی‌و بەعسی چی، ئای

**عەلی** : سەگباب قسە بکە، کین ئەوانەی تر کە لەگەلت بوون ؟

**مەمۆ** : من لە مەیخانە بوومو چەکم پینەبووە، دەتوانن بپرسن، ئای پشتم

**عەولخالق** : دان بە تاوانەکەتدا بنێ منجری بیسوودە !

**مەمۆ** : ئای.. ئای .. ئاااااااااای

هاوارو نالەی مەمۆو گڤەی تیلڵاو شلپ‌وهوری پیلەقان، ئاوازەی مەگ بوو، خەوی لەچاوی خۆزگەکان دەزڕاند. دەنگی ژان لەگەروی رارەوو هۆڵەکاندا دەلەرییەوەو دەبووە مۆتەکەی سەر دلی عیشقیکی لانەواز. ئاهی ژان تیکەڵ بە گمەی کۆتران دەبوو و سروەی ساردی پاییزی دەیچرپاندە گویی منالە لەبرسا نەخەوتووەکانی نیو کەلاوەکانی قەڵا.

زرموهوری کوتەك‌و پیلەقان لەچاوەروانی زیندانی‌یەکاندا چرکە تیپەربوونی شەوگاری لە هەنگاوی بەیاندا دەژمارد.

جووڵانەوەی سیبەرە ئەشکەنجەدەرەکان لەسەر دیوارەکەی بەرامبەر، شانۆیەکی ویولەیی بوو بۆ ترساندن‌و ئەشکەنجەی دەرونیان. بەدەم دوا نوزەو نرکەی مەمۆوە کازیوە بەبزەیەکی تالەوە مەینەت ئاواکانی دەوری قەڵای بەخەبەر هینا. لەژاوەژاوی سەرلەبەیانی‌دا جەستە ئەشکەنجە دراوەکان وون بوون.

جیرە جیری دەرگە زنجیرەی خەیالە ئالۆزەکانی بری‌و ریشی چلکنی پاسەوانەکە بەچاوی چاوەروانی‌دا رۆ دەچوو

**پاسەوان** : فەرموو فەرموو

**میوان** : ئۆکەی .

**پاسەوان** : ئەوە هاتییە لیتان بپرسیت

**مام مەولود** : ئەدی کو قسەی لەگەڵ بکەین، کوا وەرگیر ؟

**پاسەوان** : خۆتان بە ئینگلیزی قسان بکەن !

**میوان** : کەسیك هەیە بەئالمانی یان ئینگلیزی قسە بکات ؟

**عەلی(زیندانی)** : بەلێ من، دەتوانم بەئالمانی بدویم، بەڵام ئامادە نیم بەخۆم وەڵامی

پرسیارەکانت بدەمەوە !

**میوان** : باشە، من نوینەری ریکخراوی مافی مرۆڤم، هاتووم ئیوە بەسەر بکەمەوەو بۆ ئەوەش پرسیار ئاراستەی چەند کەس دەکەم.

**مام خدر** : ئەدی کو دەبێ نە کاخەزو قەلم نە دەنگ تۆمارکەری پێیە، کو وا دەبی ؟

**ن.ر.م.م**.: بەلێ، راست دەکەی وایە، بەلاّم ریگەیان پینەدام ئەو شتانە لەگەلّ خۆم بینمە ژوورێ. هەر چۆنێ بیت من قسەتان لەگەلّ دەکەمو هەول دەدەم جاریکیتر لەبارگەی حکومەتی هەریم مۆلەت وەرگرم. ئیستاکە کێ ئامادەیە وەلاّم بداتەوە ؟

**ئاراس** : من ئامادەم، بەمەرجێ دەنگمان بگەیینیتە دەرەوە .

**ن.ر.م.م**. : باشە تۆ بۆ گیراویت ؟

**ئاراس** : من هاتم هەوالی هاوەلەکانم بزانم، منیشیان گرت .

**ن.ر.م.م**.: ئەشکەنجە دراوی ؟

**ئاراس** : بەلێ، دەروونی و جەستەیی. ئەشکەنجەی دەروونی بەردەوامە.

جیرەی دەرگەو سیمای ملازم بورهان دری بەپرسیارەکە دا:

– ئەزبەنی ئەڤە جەنابی کاك سمکو ژ بو تە نارد.

**ن.ر.م.م**. : سوپاسی منی پێ بگەیینە.

**پاسەوان** : باشە خوا حافییز

**ن.ر.م.م**. : باشە کە تۆ سەر بە پەکەکەی، ئایا لیپرسینەوەت لەگەلدا کراوە ؟

**ئاراس** : پەکەکە نیم، من کۆمۆنیستم، تا ئیسشتاکەش لەئیمەیان نەپرسیوەتەوە.

**ن.ر.م.م**. : حکومەتی هەریم رایگەیاندووە کە ئیوە گشت پەپەکەن، ئەمە وایە؟

**پاسەوان** : قوربان جەنابی بەریوەبەر گازتان دەکات، تکایە لەگەلم وەرە !

**ن.ر.م.م**. : بەنیازی دیدار، هیوادارم دووبارە بتوانم بیمەوە سەردانتان.

**عەزیز** : قسەی قۆر، ناکرێ لەمە زیاتر چاوەرێ بین

**عەبدولقادر** : کاك عەلی ئەم کابرایە کێ بوو لەکوێوە هاتبوو ؟

☜ ل٤٣

## " فس فس ناموسەوان " هەژین

بەردەوام خۆی دەخواردەوە، بلیسەی هەوەس لە تافی لاویدا ناخی کردبووە کورەی دۆزەخ. خواکانی جوانی وی هەرکەسێ بوون کە هەوەسی ببزوینن، منداڵ، لاوو پیر، جوان، زیندووو مردوو، گرنگ ئەوە بوونیچیرەکەی دەستەمۆ بیت. هەمیشە لەکەلاوەکانی تەنیاییدا دەگەڵ بووکە یەك شەوەکاندا دەژیا. زۆر جار ئاوری هەوەس دەیکردە ئازارکیش و هیندیك جاریش درندەو ئازار دەر.

عیشق و هەوەس گریی دەروونی بوون و بۆی نەدەکرانەوە، لەدوورەوە دەسووتا و، لەنزیکەوە شەرمنۆکن و ترسنۆك. ئارەزووەکانی ناخیان خەنجەر ئاژین کردبووو برینی دلدارانی دونیا لەدلیدا هاتبوونەوە سۆ. هەمیشە خویناوی خۆی دەخواردەوە، کەسیش لەم کەینوبەینە بە ئاگا نەبوو. شەوو رۆژ لەتەك فریشتەکاندا رایدەبوارد؛ کچە جیران، ریبوارانی سەرەرێ، کریارو ئاشنایان، خوشك، زاو زازاو ، هەرکەسێ کە لەچوارچیوەی خەیالیدا دەستی پیرا بگەیشتایە.

ئەژدیهای هەوەسی لەکەس سلی نەدەکردەوە، هەر مێینە بووایە دەکەوتە بەر شالاوی و دەستەکانی خەیاڵ رایان دەمووسی. لەروالەتیشدا فریشتەیەك بوو کە هیشتا پەی بە چیژی سیوەکەی بەهەشتێ نەبردبوو. کە باس باسی شەرەف و ناموس بوایە ئیتر وی لەسەرووی هەموانەوە دەستی بەقەفەی سمیلیدا دینا، بەلام کاتیك کە سواری ئەسپە تیژ رەوەکەی خەیاڵ دەبوو، هیچ نیچیریکی نەدەبوارد و لەدەستی رزگار نەدەبوو.

هەمیشەو هەردەم ئەم هاوەڵ دووانەیەی لەپشتییەوە دەشاردەوە، هیندیك جار لەدەستی وەرس دەبووو زۆرجاریش دەیخستە بەردەم پەتی سیدارەی ریسا کۆمەلایەتییە باوەکان، هەر بۆیە خوین دەزایە دەمارەکانی و توورەیی لەشی وەك شۆرەبی دەلەراندەوەو پەنجەکانی بەحەز ئاوس دەبوون و دەکەوتنە سەمایەکی شیتانەو سنگی رووتاوەی مامریکی لیدەبووە مەمکی توندو تۆلی کیژۆلەیەکی تازە

هەلچووو خۆزگەی بە کەلەبابێ دەخواست. لەپر بەخۆ دەهاتەوەو دەکەوتە سەر کۆنەی خۆیو بڕیاری دەدا ئەو هاوەلدوانە شاراوەیەی ناخی بداتە بە خەنجەری مەردایەتی، بەلاّم هەرچەندی دەکرد بلیسەی ئاوری هەوەس لەناخیدا خامۆش نەدەبوو.

کاتی پەیڤین لەگەڵ پۆلیسو کوتەك بەدەستی ریسا باوەکان هاوەلدوانەی دیارو بەرجەستەی سنگی شەرفو نامووسی دەردەپەراندو دەبووە شۆرەسواری داستانە بێ ئەژمارەکانی رۆژانەی نێو کۆمەلگە. وی پالوانێك نەبوو کە هەوەس بەسەریدا زاڵ ببێت، وی نەك تەنیا هەوەسی دەستەمۆ کردبوو، هەوەس بازە بوێرەکانیشی دەهێنایە سەر" سراط المستقیم " و گورگە هەوەسبازو نێچیرە بەستەزمانەکانی پێکەوە ئاودەدا. لەگەڵ دەربڕینی ناوو باسی ئەندامەکانی مێینە، هەوەس لەناخیدا کلپەی دەسەندو خۆزگەی بەو ساتە دەخواست، کە نێرینە لەسەر گۆی زەوی نەمایەو ژنانی دونیاو فریشتەکانی بەهەشتی خەیالیشی تەنیاو تەنیا شەوباخەلی وی بووایین

## پاشماوەی جاری گەردوون

**وەرگێر** : وەك ووتی نوێنەری رێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانییە، خەلکی ئالمانە.

**عەزیز** : چۆن بێ وەرگێرو پێویستی نووسینو تۆمارکردن هاتووە ؟

**وەرگێر** : ووتی ر ێگەیان نەداوە، عەقید سمکۆ ئەلمانی دەزانێتو پێی ووتووە گەر پێویستت بە یارمەتی هەبوو بانگم کە.

**محەمەد** : ئێستا تێگەیشتم، بۆ خێرا بانگیان کردەوە، کە زانییان خۆمان دەتوانین بەزمانی خۆی لەگەلی قسان بکەین. ئەم ئالمانییەو سمکۆش هێشتاکە ژنو منداڕەکەی لەوێندەرین.

**عەزیز** : کەوابوو هیچ !

**ئارام** : بێدەنگی بەسە، هیچ دادمان نادات. ئێمە تاوانێکمان نەکردووە، من لەمە زیاتر ناتوانم دان بەخۆمدا بگرم. من بڕیارم داوە مان بگرم، ئێوە چ دەلێن؟!

مان دەگرین مان دەگرین

## هەیاسە لەئاشی ئەنگۆ چ باسە

هەژین

شتێکی سەیر نییە کاتێك کە خوشکە زەینەبێ، قامچی لەپشتی ژنێکی ئازادە راستکاتەوەو گریی شەرپۆشی کۆنەپەرستی لەملی کیژۆلەیەکی تازە لەدایك بوودا توند بکات، یان ئەوەی کە کورە زەحمەتکێشێك گەرووی هاوانێك پرکا لەگوللە و بیهاوێتە حەوشەی مالی بابی یان سەر لانکی مندالە دراوسێکەیان. هەرواش سەیر نییە، کە قەلەم بەدەستێك بەنووکی قەلەمەکی تۆری راوکردنی پرسیارە سەربزێوەکان لەبیری کارگەران و زەحمەتکێشاندا بتەنێ، چاوی هوشیارییان کوێرکات و نەخشەی بنیات نانی زیندانێك بکێشێت. ئەوەی سەیر بێت بێدەنگی خوێنەرە بەرامبەر بەسووکایەتی و گالتەپێکردنی قەلم بەدەستێك بە مرۆڤبوون و ئاخاوتن و بیرکردنەوەو سروشتی هەلکەوتەیی و باری جەستەیی تاکەکەس یان چینێکی کۆمەلایەتی.

پەیامی هونەری ناسیۆنالیستی و ناوەندەکانی راگەیاندنی بیرکردنەوەی ناسیۆنالیستی هەر هەلویستی ئەم قەلەم بەدەستەیە، بۆیە بەوپەری نەفرەت و شەرمەزاری لەبیرۆکەی ناسیونالیستی، بەپیویستم زانی وەلامێك بە (حەمەمین برایم خولامی) ئاشەوانی هارینی ئیسك و پروسکی رۆلەکانی کارگەران و زەحمەتکێشان لەئاشی کوردایەتیدا بدەمەوە.

بەوەی هەرکەس ئازادە چۆن بیردەکاتەوە، بەلام کەس ئازاد نییە خەون و خۆزگەی مرۆیی کەس بەگالتە بگری، ئەمە ئازادی نییە پێشێلییە !

هەر بەو پێیەی کەهونەر یان شۆرشگێرە یان تیرۆرستە، ئەوا هونەری پرۆلیتری بریتییە لەنیشاندان و رەخنە لە واقیعی ژیانی کۆیلەواری پرۆلیتاریاو دەست نیشانکردنی هۆکارەکانی ئەم کۆیلەتییە، هونەری دژە شۆرشیش هەولێکە بۆ پاراستن و هەمیشەیی کردنی واقیعی کۆیلەتی، ئیتر لەژێر هەر ناوێك دابێت نەتەوەیی یان نیشتیمانی یان مەزهەبی و هتد.

بۆ دەرکەوتنی ئەم راستییە دەتوانین ئەم بەرهەمە نەتەوە پەروەریەی حەمەمین برایم

خولامی، کە لەژمارە (١٨) ی پەیام دا بلاوکراوەتەوە، بەسەر بکەینەوەو لەسەکۆ ئازادەکانی پەیام دا هەلویستەیەك بکەین.

قەلەم بەدەست شێوە نووسینی تەنزاوی بەکاربردووە بۆ ئەوەی هەم لەرووی شێوازو هەم لەرووی ئاخاوتنەوە باشتر خوێنەر بەلاریدا بەریت، شێوە پەیڤینی خۆلامی کەیەکێ لەتیرەکانی هۆزی جافن و هیشتاکە چوارچێوەی بیرکردنەوەی تیرەگەرییان تێنەپەراندووە بەکاربردووە و وەك پیاوچاك و چاکەخواز ریشێکی چلکنی کوردایەتی بەرداوەتەوەو خورقەی کۆنەپەرستی کردۆتە شان، بەرشتنی فرمێسکی درۆینەو لەژێر پەردەی دلسۆزی بۆ میمکی هێرش دەباتە سەر رەوت و هوشیاری‌یەکی‌چینایەتی کەهاتۆتە ئاراوە، بێ ئەوەی پەنجە بۆ بەدبەختی‌یەکانی میمکی رابکیشێت، دەیەوێت بەبیژنگ بەر بەخۆربگرێت‌و بە دەمەزەردکردنی بیری کۆنە پەرستانەی ناسیونالیستی بەر بەرەورەوەی مێژوو بگرێت؛ بەگالتەکردن بە خەونی رزگاری مرۆڤایەتی، خەندە بخاتە سەرلێوی منالانی بێبەش لەژیان و خۆشی نەدیتووی کوردستان.

پەکوو لەوخەوە قورسەی کاکە حەمە، کەچاوەرێیە لەم ئەوروپایەی دوا مانگی سەدەی بیستەمەدا گالە گالی مەلا کەلە پوتەکان بەخەبەری بینن، پەکوو لە ی لالە حەمە وریـنەکانی دەم سەرمەرگی خواکانی سەرمایەی لێبووە بە یاسایەکی نەمری ژیان! لەوە دەچێ نەیبستبێ کە کۆیلەدارەکان دوای تیکشکانی راپەرینی کۆیلەکان‌و، دەرەبەگەکان دوای تیکشکانی یاخیبوونی حەمەدۆکەکان جەژنیان گێراوەو مێرزا موحەمەدو کەشیش‌و مەلاکان سەرکەوتن‌و هەمیشەیی کویلەتی‌و رەنجبەرانیان پیرۆز دەکرد.

لالەحەمە لەخورقەی فەرهەنگی ناسیۆنالیست و دژە مرۆیی‌دا چنگێ ووشەی دزیو، ریزدەکات و سوکایەتی بە رۆلەکانی پرۆلیتاریا دەکات؛ کە لەژێر کارایی کاری قورس و کۆیلەتی دایکانی زگپریاندا بەچاویکی تانە لەسەرو دەستیکی لاوازو شەش

پەنجەو لەدایك دەبن (عەول، میم زای خۆمەو حەزناکەم عەیبی بیژم، چاویکی خیلە، رەنگە بیژن جابرا ئەوەکەی عەیبە ! بەخوا برا راست ئیژن، بەلاّم خیلیەکەی عەولی میمزام زۆر بەربادە. عەول هەرلایەك ئەوینێ و بەلایەکدا تەماشائەکات و تەشبیە بەو نەویێ وەك گای یەك چاو وایە هەربنە ئەکا) .

لای قەلەم بەدەستەکان مەرجی مرۆڤ بوون لەش ولاری تەواوە لە رووالەتدا، ئیتر ئەوەی کەمی یەکی هەبوو لەرووالەتی لەشیدا لەخانەی مرۆڤ دەچیتەدەرەوە و دەبیت لەگەورو خانی وولاّغ دا جیگەی بکریتەوە، قسەی دیواخانی سەرۆك هۆزەکانی خۆلاّمیو عەمەلەیی و شەمیرانی و ئاغاکانم وەبیردیتەوە، بەخۆم دەلیم: تۆ بلیی عەولی وەرزیرو زەحمەتکیش میمزای ئاغا زادەیەك، ببورن خۆ بەئاغا زانیك بیت؟ بەخۆشم دەلیم بۆچ نابیت، دەکریت لەبنی گۆلیکدا درکیك سەوزبیت، بۆنا ئاسایی یە. ئاغازادە لەبیری چووە هیتلەر نەتەوە پەروەری راستەقینە لەروالەتدا تاکی نەبوو، ئەو کەشیشەی بریاری سووتانی گالیلەی دا لەروالەتدا هیچی کەم نەبوو، سەدام حسین و پینۆشیتو کلینتنیش هیچیکیان کەم نییە تەنیا مرۆڤ بوونو هۆشیو سۆزی مرۆڤانە نەبیت ! گەر خوینەر کەمیك ورد بیتەوە بۆی روون دەبیتەوە، کە حەمە ئاغا بۆ سووکایەتی بە عەولە وەرزیرەکان دەکات، رۆژگاریك کە تەنیا کورە ئاغاو بۆرژواکان دەیانتوانی بینە ئەوروپاو پاشان بگەرینەوەو خەلك لییان کۆدەبووەوەو بە ئاوەژوو باسی ئەم بەهەشتەی سەرمایەدارەکانیان بۆ دەکردن، بەلاّم ئیستاکە لە دوای هاتنەدەرەوەی کورانو کچانی زەحمەتکیش ئیتر کەس بە شەبقەیان ناپیوێ. ئەمەیە هەراسانی کردوونو قەرەقوشییانە کەوتوونەتە سووکایەتی بەپەنابەرانیك کە لەتاو تیرۆرو سەرکووتی ژیر سایەی حکومەتە ساواکەیاندا هەلهاتوون.

ئاغاحەمە بەپیێ فەلسەفەی دابەشکردنی دەولەمەندی و هەژاری لەلایەن خواوە، لەخورقەکەیدا، چنگی ئەستغفراللە دەردینیێ و دریژە بەورینەکانی دەدا ( جارانیش کاتیك کە دەچووە سەیری دەغلودان، هەر ئەوەنەی ئەزانی بیژێ ئەم مال حەرامە بۆ

ئاوا تەنکەو بۆ بێ بنچەو بۆ باریکەو بۆ زەردەلەیە. عەول، بەناشوکری نایژم فەرقی وشکەوەردو تەرەکاڵو باران و بیبارانی نەئەزانی. لەبەهارانیشدا کاتیکیش جووتی ئەکرد، فەرقی نەرمان و زبرانی نەئەکرد، بەیەك گاوخان جووتی ئەکردو بەیەك رەوت گای لێ ئەخوری. سێ مانگی هاوینیش هەر بۆلەی دەهات. چونکە بەبەهاران بژاری نەئەکرد، هەر ئەیگووت: ئەی مال حەرامە ئاوری تیوەروێ پرە لە سوالدرەو مرۆرو گلینکە رەشە.

بەلێ ئاغاحەمە خەریکە بەرۆژی نیوەرۆ لەژیر پەردەی تەنزدا دەیەوێ دووبەرد بەچۆلەکەیەکەوە بنیت و بلیت خۆی کەوتەخوارەوە، لەوەتەی سەروەری هەیە ئەرکی نۆکەرانی سەروەری هەر قەناعەت کردن بووە بەخەلك کەدەبێ رازی بن بەبەشی خواو نارازی نەبن کاتیك کەبرسین، بزانن برسیەتی‌حکمەتی هەیە. نەکەن بلین نان، قەی چی‌دەکا بۆ سەروەری بۆرژوازی خۆمالی بائەوەندە بەخشندەبن، دان بەخۆیاندابگرن. دەیهەوێ بلیت کەدەولەمەندی‌و نازو نیعمەتی خواکانی کوردستان بەرهەمی ماندوویی و عارەق رشتنە. ئیوەش گەر کار بکەن دەولەمەند دەبن، کە بەشیشت گاڵ بوو بۆلەبۆڵ و نارەزایەتی دەرمەبرن. خودا هەر ئەوەندەی داوە. ئابلۆقەی ئابووری نیعمەتە، دزی‌و تالان و برۆی سەرکردەکان دادپەروەری‌یە. هەی هوو لەم خەفلەتەی لالە حەمە نازانێ بیریارانی بۆرژوازی سەدەیەکە دانییان بەو راستیی‌یە داناوە کەسەرچاوەی سەرمایە، دزینی کارو رەنجی ئیمەیە . جامعەی ئەزهەرو ڤاتیکانیش باوەریان بەخری زەوی هیناوە، ئەم ئیستە خەریکی گیرانەوەی چیرۆکی دابەشکردنی دارابوون و نەبوون لەلایەن خواوە دەگیریتەوەو ئیستاکە دەیهەوێ بلیت زەوی وەك بەرەکەی ژیرپیم تەختە.. دونیایی لێبووەتە گوندەکەی خۆیان و وائەزانێ کوردستان کوردستانی سەردەمی مەولەوی‌یەو ئەویش لەتەنزەکانی‌دا پاریزگاری لەسەروەری خواکان بکات و رامان کیشیتە کونجە تاریکەکانی‌خانەقای کوردایەتی. ئەی دەکرێ

پیمان بلیت سەرمایەی مامەو کاکەکان لەبانکە جیهانی‌یەکاندا بەرهەمی کامە بڕارو زەحمەتن ؟

زانا حەمەی ژینیتیك ناس دیتەسەر ئەوەی کەچۆن لەم بوارەدا بەپیی تیۆری‌یەکانی بۆمان بسەلمینێ دەبێ لەباکور گەنمی زستانی و لەباشوور گەنمی هاوینە بچینرلایت. باکورو باشوری عیراق ناکرێ پیکەوە بن و ناکرێ سنورە خەیالی‌یەکانی میشکی زانا حەمە بسرینەوەو هیچ شتێ قابیلی گۆران نی‌یەو ئەوەی خواکان دایان رشتووە، بێ ئەملاو ئەولایەو پیمان دەلیت: ( عەولی میمزام ماوەیەکە گرتگیسێ دەمو ئیژێ بەخوا برا فەرقی گەرمیان و کویستان نییە، جا ئیوە چی ئیژن بیژن بۆخۆتان. ئەوەی لەکویستان بروی لەگەرمیانیش ئەروێ ) حەمە گیان بەتەمایە وەهمەکانی بکاتە واقیعو ئیمەیان پی ئامۆژگاری بکات، ئاخۆ لەخۆی پرسیوە؛ کەجارانیش شیخو دەرەبەگەکان هەمان بیانووی مامە حەمەیان دینایەوە بۆ ئەو کەسانەی کەخوازیاری یەکگرتوویی و بەرامبەرکێ بوون لەگەڵ لەشکری ئیمپراتۆریەتی بریتانیای گەورە !! بیگومان دەزانێ و خۆی گیل دەکات.

کاکە حەمە موزیکژەن گلەیی لە عەول دەکات کەزیاتر چیژ لەموزیکی هاوچەرخ و داهینانی نوێ وەردەگرێ، هەول دەدات لەبواری موزیکیشدا سنورەکانی کوردایەتی تۆختر بکاتەوە ( عەول میمزام ئیژێ، جابرا تۆ بۆ خوا بیژە، لەجیاتی قەتارو ئەلاوەیسی و هۆرەو سیاچەمانەو هەزار بەیت و بالۆرەی کوردی هەبن و هەر یەکیان هەزار سالیان عومرە، یەك موسیقای تازەی عەورووپایی هەویت باشتر نی‌یە ؟ . )

دیارە مەسەلەکە لیرەدا شەری موزیکی کلاسیك و موزیکی نوێ نی‌یە، بەلکوشەری فەرهەنگەکان و نەتەوەکانە. ئەوەتا رك‌وکینەی کوردایەتی مامۆحەمە لەبواری زماندا راست و رەوانتر دەردەکەویت و، دەمانگیریتەوە بۆ سەردەمی عیلایەتی، سەردەمانیك کەخولامی و عەمەلەیی یەکتریان نەدەناسێ، سەردەمانیك کەگۆی زەوی پانتایی دێ و گەردوونیش ئاسمانی بان دیکە بوو. لەوە دەچێ نەیبیستبیت کە موزیك زمانیکی

جیهانی‌یەو تەنیا شتیکە کەهەستی گەندەڵ و دواکەوتوانەی رەگەزپەرستی کەولی نەکردووە. دەیەوێ سەر لەخوینەر بشێوینێ. ئەوە نەتەچی‌یەکانن سووکایەتی بەفەرهەنگ‌و کەلەپوری یەکتر دەکەن، نەك کۆمۆنیستەکان. بەلکو کومۆنیستەکان وەك ئامرازیك بۆ پەیوەندی گرتنی کۆمەڵایەتی دانیشتوانی کۆمەلگە لەزمان دەروانن‌و، فەرهەنگ‌و کەلەپوری نەتەوەکانیش وەك کەلەپورو دەستکەوتی مرۆڤایەتی لەبەر چاو دەگرن. صۆفی محەمەد ئەوجا دیتە سەرباسی جوان ناسی و چیژی موزیکی‌و گۆرانی‌و هونەر بانگمان دەکات بۆ ئەو ئەشکەوتانەی کە هەوالی سەرهەلدانی نوێ و ئالوگۆری لی نی‌یەو، دەیەویت بە هۆشی چەن سەدە لەمەوبەری خۆی لاوەکانی ئەمرۆیی کوردستان و بەتایبەت ئەوانەی لەدەرەوەن بیربکەنەوە. نازانم چۆنە کەواو سەلتەو هەلاوە و فەقییانەی وەك سەرپۆش‌و حیجاب بیرنەکەوتۆتەوە ! دەیەویت بەرۆژی نیوەرۆ بمان خەلەتینێ‌و گوێ بۆ موزیکی ناکوردی شل نەکەین و گوێ لەو بەیت‌و بالۆرانە بگرین کە بەشان‌وبالی ئاغاو سەرۆك هۆزەکاندا هەلدەدەن.

خارە حەمەی زمانەوان بەکۆمەلێ پروپاگەندەی ژەهراوی دەکاتە بیانوو بۆ هیرش کردنە سەر زمانی عەرەبی‌و فارسی‌و تورکی ناتوانێ بەر بە رك‌وکینەی ناسیونالیستانەی بگریت و دەیەویت دیواریك هەلچنێ، هەی‌ها لەم کوردە نازی‌یە، دەیەویت وەها کە خۆی دونیا سەرەو خوار دەیبینیت، بە ئیمەش بسەلمینیت کە دونیا بەخۆی ئاوەژووە؛ دەستە چەورەکانیان بەسەروملی شیوعیەکاندا بسرنەوە. ئەوە ئەوانن زمان‌و ئاخاوتن دەکەنە ئامرازی سووکایەتی بەنەتەوەکان، بەچینەکان، بە تاکە کەسەکان، بەلکو بەپیچەوانەوە پرۆلیتاریای هوشیار وەك ئامرازیکی پەیوەندی لەزمان دەروانێ، هەربۆیە وەك چینیکی جیهانی گشت زمانەکان بەهی خۆی دادەنیت‌و بەئەرکی خۆی دەزانێ گەشەیان پی بدات بیان پالیوێ لەو ووشە بۆگەنانەی کە لەفەرهەنگۆکی چینە داراکاندا سەریان هەلداوە.

دیارە لالەحەمەی ( حەوت پیشەی رەنجەرۆ) بریاری داوە لەگشت لایەکەوە

جەستەمان بداتە بەر خەنجەرە ژەنگنینەکەی کوردایەتیو، لە ئەلفەوە تاوەکو یا پیمان بلیت چی بکەینو چی نەکەین، گەر لەریگەی محمد رسول الله دەرچووین، ئەوا ژیرخانی دۆزەخ چاوەریمان دەکات ! بۆ ئەوەی شاکارەکەی ناتەواو نەبیت، دەبیتە فەرمانبەریی دائیرەی نفوس و ئازادی ناو نانیشمان لی دەستینیت و لەخەرقەی ئیسلامیو کوردایەتیدا کۆمەلیك ناوی کۆیلەواری عبدالکریم و عبداللە و عبدالرحمان و عبدالسلام و عبدالتالبان و عبدالبارزان و دەخاتە بەردەمان تا بە ئازادی هەلبژرن، هەر لەئیسشتاوە مژدەی ئەوەمان پیدەدات، کە حکومەتە چوار پارچەیەکەی ویش وەك برا کەمالیەکانی لەتورکیا ناوی ناکوردی یاساخ دەکات لیمان ! کەچی ناونەری زانامان ناوەکەی خۆشی کە کوردی نییە لای ئاساییە بەلام تۆمی پێ ئاسایی نییە ئیتر لیرەدا راست دەردەکەویت کە قەلەم بەدەست لە کۆنەپەرستیکی ئیسلامی بەولاوەتر نییەو شەر شەری لەسەرکردنەوەی کورد نییەو فرمیسکەکان درۆینەن، شەرشەری کۆن و نوێ، راستیو درۆ، مرۆڤ و درندە، ئیسلام و ئازادییە، کوردو زمانی کوردی و هۆرەی کوردی و پورە رەیحانیش تەنیا مەقاشن بۆ ئەوەی بمانخاتە نیو دۆزەخی جەهالەتی کولە نۆکەری نەزمی نوێی سەرمایەداری. ووردە ووردە خۆدەردەخات و دیتە سەر بەگالتەگرتنی ئەنتەناسیونالیزمو خەباتی جیهانی پرۆلیتاریاو دەیەویت بلیت خەیالەو سنوورە درکاوییەکانی بیری وی ریگەمان نادەنو دەبیت لەبازنە بۆشەکەی ناسیونالیزمدا بسوورێینەوەو سەرگیژە بمانگریت، تاوەکو بۆرژواکان باشترو بی ترستر بمان چەوسیننەوە. حەمەگیان گەر لەخۆی نەپرسیوە باپیی بلیین ئەی لالەگیان تۆ چیت داوە لە دیموکراسی، لە دەولەت، لەپۆلیسو بارگەی دەولەتە یەکگرتووەکانو دیواخانەکانی کلینتنو ئەجەویدو کۆشکی سەرۆك کۆمارو مەرقەدی خومەینیو سەفاومەروە ؟ ئەوجا کوردی قارەمان کەوتۆتە فرمیسك ریژان و لای ئاسایی نییە کە(تۆمی) ی پیشان عەول تیکەل بەژیانو خەلکی ئیرە دەبیت و لە هاودەمیکی خۆی دەگەرێ و وەك حەمەمینەکان لەتاو

شەرەف و ناموس پەرستی بەحوکمی دۆلار ناچی کیژۆلە دوازدە ساڵەکانی کوردستان راستر بلیم گۆرستان بکرن، تاوەکو کەف و کولی پیاوساڵارانەی چل پەنجا ساڵەیی خۆیان بەسەر ئەم خۆشی نەدیتوانەدا دابمرکینەوە، چونکە ناتوانن لەگەڵ هاودەردە شیگاگۆیی و پاریسی و بەرلینی‌یەکانی تۆم دا وەها جەنگەڵییانە بجولیتەوە .

کویخازادەی ئابووری زان و کۆمەلناس لەوە زیاتر ناتوانێ بەر بە کینەدۆزی و دژایەتی خۆی بەرامبەر بزووتنەوەیەك بگریت کە لەکوردستان خەوی شیرینی بە بۆرژواو خاوەن مولکەکان زراندووە. دریژەی دەداتێ و سووکایەتی پیکردنەکەی دەگەیینیتە شوین مەبەست ( عەول میمزام ئیستا ناوی خۆی ناگە "تۆم" و بەخەلکی موجومەعەکان و دەستگیرو عارەبانە لیخورەکانیش ئیژێ قرولیتاریا و بەکویخا حەمەعەلی و لالە وەسمانی دوکانداریش ئیژێ بۆروژەواو بە دوو گویدریژەکەی مامە قالەش ئیژێ رەئیسسوللمال. عەول لەو کاتەشەوە هاتگسەتە ئەوروپا، بە موجەمەعەکانیش ئیژێ شار. ئابووری زان و کۆمەلناسی نەزمی نوێ ئەزانێ زۆریك هەن کە خوابەشی هەژاری و دەولەمەندی بەگالتە دەگرن و ئیتر گوێ بۆ ئەو چیرۆکانەی کن ئاگردان ناگرن. بۆیە فرەزانی‌یەکەی کە لەمیرزاکانەوە بۆ بەجیماوە دەخاتە گەرو لەبواری ئابووری و کۆمەلناسی‌دا کەرە شەلەکەی تاو دەدا تا شوین پیی شاسوارانی جادووگەری سەرمایە بەرنەدا. بۆ ئەم مەبەستەش دوو تیۆری فیودالی بوونی ئەورۆی کوردستان و کەم بوونەوەی ژمارەی پرۆلیتاریا و پەرەسەندنی تویژە پێ لەهەواکانی‌تر تیکەڵ دەکاو ئایەتولکورسی‌یەکیان بەسەردا دەخوینێ و دەرخواردمان دەدات. بۆیە پەنا دەباتەوە بەر پیشە زمانەوانی‌یەکەی و دەستفرۆش و عەرەبانەچی‌یەکان و پرۆلیتاریا دەگۆرێ بە ( دەستگیرو عەرەبانە لیخورو قرۆلیتاریا) بەواتای ئەوانەی کە میوەیان بە گەنم دەگۆری‌یەوە و وولاخدارو دانانی "قر"یش بەمانای فەوتان. بەم شیوە شوین گۆرکێ دەکات بەچینەکانی کوردستان و پیی وایە کاتیك کە وی خەون بەسەردەمی کویخایی‌یەوە دەبینێ و ورینە دەکات، ئەوا ئیمەش یەکسەرە دەبینە

پاشڕەوی و دەلێین: صدقت یا أبا الجهل! لەبواری ئابووریشدا دەیهەوێ وا نیشانی خوێنەران بدات کە کوردستان دوورگەی " واق واق "ەو بیجگە لە غەیب زانە جادووگەرەکەی مە کەسیکە نەیبینیگە. پەکوو لە بیخەبەران چۆن کەوتوونەتە هەتەران، لەوە دەچێ کوێخا زادە لەسەردەمی پادشای جوانەمەرگدا هاتبێتە هەندەران، جارجار لەڕێگەی نامەی کوێخاو میرزاکانەوە کە گلەیی لە بەختی رەشی خۆیان بۆ کردبێت لەدەست عەولەکان کە یان بە کڵاویان نەدەپیواو کەریان بە میزەرەیان نەدەبەستەوە – ئاگاداری بارودۆخی کوردستان بووبێت.

نەتەوە پەروەرەی عەیار بیست و چوار هیشتاکە دلی ئاوی نەخوادووەتەوە لە کینەدۆزی بەرامبەر خەباتی ئەنتەرناسیونالیتانەی عەولەکان، بۆیە دووبارە دەکەوێتەوە بەردەقانی نان بەرۆژەوە و وەك شەمشەمە کوێرە گەرەکیەسی لەشەوەزەنگی رەگەز پەرستیدا چینەمان پیبکات ( ئیستا لەجیاتی باسی سەنگاوو شۆڕیجەو گەرمیان بکات، باسی شیکاغۆو پاریس و مانشستەرو ساوپاولۆ ئەکا) بەلێ دیارە کویی دیشێ، ئەوێ کەناتوانێ لەکوردستانیشدا لەسنوری هۆزو خیلی جاف دەبچێت و هیشتاکە خۆی بەکوێخای خوڵامی دەناسێنێت، ئاساییە کە بە نیوهێنانی شیکاگۆو ژانەسەر دەیگرێ و وەك مانگای شێت ( ئەمە لەبری لیکچوواندنەکەی عەول بە " وەك گای یەك چاو وایە هەر بنە ئەکا" ، داوای لێبوردن لەخوێنەران دەکەم) بە شاخە رزیوەکانی هەناو ریخۆڵەمان دەردەکا، چونکە وی وەك پارتە پیشڕەوەکانی لە کوردستاندا سۆرانی یەو لەسۆانیشدا جافەو لەنیو جافانیشدا خوڵامی یەو لەخوڵامیشدا کوێخایە، چۆن شێت نەبێت کە بەبێ دەسەڵاتی یەوە دەبینێ عەول وەك بازنەی گریدانەوەی خوڵامی و شیکاگۆ لەزنجیرەی پیکهاتەی چینایەتی پرۆلیتاریا خۆی دەناسێنێ و ئەم گۆرانی یە دەچرێ: { لە خوڵامی بم یان لە میلان / لە هەولیر بم یان لە یابان / لەهەرکوێیەکی ئەم جیهانە بم / بۆ من فەرق ناکا / جیهان گۆیەکی خرەو / بەدەوراندەوری خۆری کاری مندا دەگەرێ )*.

دواجار قەلەمــە جادوویی‌یەکـەی دەکەویتــە فرمیسـك رشـتن وەهـا نیشـان دەدا، کـە شەوانە لەدەست خـەمخۆری بۆ لانـەوازان‌و دایکانی خۆشــی نـەدیتووی عەولـەکان لـە ئازارا دەتلیتـەوە، دەست دەکاتـە لۆمـەی عـەول میمزای: (بەگلـەیی نایـەژم، عـەول لـەو عانـەوە هاتگسـەتە عـەورووپا سـەیریکی لـەو دایك‌و خۆیشـکە یەخسـیرانەی نەداگەسـۆ. ئیـژێ، برا من برۆمـەوە، خـۆ کوردستان کەعبـە نییـە بـرۆم بـۆ حـەجی جا بـرا مـن برۆمـەوە بـۆ سـەیری چەمچـەماڵ‌و قـەرەجئاواو کـەندیناواو هـەر خـەریکی دەسـومۆچ لەگـەڵ خـەلکا بکـەم یـا برۆمـە گەشـتی سـەر دەریـا باشـترە ؟) هــەندێ جـاریش بـۆ شاردنەوەی سووکایەتی‌و ئاوەژوو کاری‌یەکانی ناچار مل بە دەرکاندنی هـەندێ راستی تاڵ دەداو، نەشــی توانیـوە فەرهـەنگی دژی بەشـەری‌و دارزیـوی چینـە سـەروەرەکەی پـەردەپۆش بکات. کـێ هەیـە لـە بلنگۆکـانی ژورنـالیزمی بـۆرژوازی کوردی‌یـەوە ( بـە بلاوکراوە لیبرالەکانی ئەورووپاشەوە) تۆمەتی تابووری پینجەم بوونی(کۆمۆنیستەکان) عەولــەکانی لەبەرامبــەر خــەبات بــۆ لابردنــی ئابۆقــەی ئــابووری نەبیســتبێ‌و نەخویندبیتـەوە ؟ کـێ هەیـە هـەوالی خـەباتی بیووچـانی عەولـەکانی بـۆ دابینکردنــی سـەرپەنا بۆ ئاوارەو نـەروخاندنی خـانووە بیتاپۆکـانی نەبیسـتبێ ؟ کـێ هەیـە هـەولی بەرەنگاربوونـەوەی عەولـەکانی لەگـەڵ رەشـەکوژی (دایـك‌و خۆیشـکە یەخسـیرەکان)ی نەبیستبێ ؟ کێ هەیە هەوالی تیرۆری بەکر عـەلی‌و فتواکـانی مـەلا بەشیری نەبیستبێ ؟ مەگەر تەنیا ئەو کەسانەی کە بە" گەرەکی خەبات " وەك سووکایەتی‌یە بە دانیشتوانە بەشمەینەتەکـەی دەلیـن☹ قـەرەجئاوا ) ! ئـەگینا لەفەرهـەنگی پرۆلیتاریـا بـەریزترین خـەلك دانیشـتوانی مەینـەت ئاوانی کـەنار شـارن، نـەك کویخـا‌و بەریوەبـەرو سـەرکردەو پیاو بەناو ماقولەکان !! نەفرەتی عەول لە سوونەتە داریوەکانی سەردەمی کویخایـەتی حەمـەی قەلـەم بەدەسـت‌و چوونـە سـەردەریا جیگـەی شـانازین، دیـارە عـەولیك کـە بـەیداخی رزگـاری پرۆلیتاریـا بەشـانەوە گرتبـێ، ویژدانــی ئـازاری دەدات بچیتــەوە کاولستانەکەی کوردایەتی‌و برسی‌و رووتەلەکانی خولامی لە حەسرەتا

پاژیی هونـــــــــــــــــــــــــــــــەری ژیلەمۆ

خۆزگەی پیبەرن، ئەگەر حەمەکان دۆلار بنرینەوە تاوەکو خانووبەرەی هەراج کراوی کارگەران و زەحەتکیشانی کوردستانی پیبکرن لەم هەلە هەلکەوتووەدا، ئەوا عەول سەراپا ژیانی ناوەتە پیناو رزگاری ژنان لەپیاوسالاری مەشروع و مەسموحی حکوموتە ساواکەی حەمەمین خولامی و ئابلۆقەی خواکانی دیموکراسی و نەزمی نویی جیهانی و سرینەوەی ئاسەواری سەروەری چینایەتی لەسەرتاسەری جیهاندا بە بۆرژوا خۆمالییەکانی کوردستانیشەوە !!! ئارامی لیبراوە کە عەول باوەری بە دەست و پیماچ کردنی شیخ و مەلاو حاجییەکان نەماوە و هاوارو باوکە رۆی لی هەستاوە بۆ پاراستنی ئەو کولتورە دواکەوتووە کوردەوارییە ئیسلامییانەی کە مرۆڤی زەحەتکیش بە رەعیەت و ژنان بە کەم هۆش دادەنین.

دەرویش حەمەمین دەیەویت، دوا پەیام و چارەسەر بە گریان و شمشیر لەخۆدانەوە بۆ عەول لەنوشتەیەکی سیگۆشەی سەوزی چلکندا بنووسیت و بیکاتە ملمان. فیرمان کات کاتیك کە تیپەر بووین بەلای گۆری ئەو کۆیلانەی کە لەلەشکرەکی ئەبا عوبەیدەی جەراح سەری پەراندن بەناوی گۆر جوولەکەوە بەردیان تیبگرین و لەسەر گۆری شیخ و سەیدە سادیست و هەوەسبازەکان چەپکە گولّ دابنیین. ناتونیّ بەر بەژاراوی خۆی بگریّ بەرامبەر ئاخاوتنی عەول بەئەلمانی و ئەرکی برایانەی خۆی لەگەلّ نەتەوەپەرستە ئالمانییەکاندا بەجیّ دەگەینیّ " کورد بۆی نییە بەئالمانی بدویّ و کورد بۆی نییە ناوی نا کوردی لە خۆی بنیّ و کورد سەپانی کەس نییە ".

لالەحەمەی فەیلەسوف: دەیەویت ئاوەژوو کەسایەتی شیوعیەکان نیشان بدات، وبزووتنەوەی کومۆنیستی بکاتە بزووتنەوەیەکی ئایدیالیستی. بەلام ئەم هەولە لەدەست بە پوشتەوە گرتنی خنکاویك بەولاوەتر نییە. چونکە میژووی خەباتی چینایەتی نیشانی داوە کە شیوعیەت فەلسەفەو ئایین نییە، داهینراوی زانایەك نییە، بەلکو بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی پرۆلیتیرییە، کەروانگەیەکی ماتریالیستانەی هەیە بۆ گشت دیاردەکان. ئەم بزووتنەوە لەمیژووی سەرکەوتن و

گلانەوەیدا نیشانی داوە کە هیلی سیاسیو قالب لەپیشەوە ئامادەکراو وەرناگریت و هەروەها گەر عەول واقیعەن کەسایەتییەکی شیوعی بیت ئەوا بەیەك چاو گشت نەتەوەکان دەروانێو فەرهەنگ و کەلەپوری نەتەوەکان بەیەك چاو سەیردەکات، لایەنە باشەکانیان هەلدەبژیریت و گەشەیان پێدەدات و لایەنە مردووەکانی لەگۆر دەنیت. گۆی زەوی بە نیشتیمانی مرۆڤایەتی دەزانێو هەولدان بۆ رزگاری مرۆڤایەتی لەگشت کۆت و بەندەکانی کۆمەلگەی چینایەتی؛ چەوسانەوەی نەتەوەییو رەگەزی و نیشتیمانیو ئایینیو چینایەتی بە ئەرکی خۆی دادەنیت و کەسیکی ئازاد ئەندیش و خاوەن بیرکردنەوە و بریاردانەو چاوەرێی هیچ پارت و سەرکردەیەك و ئاغایەك نییە وەك شوانە رینوینی بکات. لالە حەمە لەم تەنزەدا بێ ئەوەی بەخۆی بزانیت لەپاڵ ئاوەژوور کردنەوەی راستیەکاندا تەنزی کۆنەپەرستی و گالتە جاری خۆی نووسیوەتەوە. حەمە ئاغا هیندە لە بزووتنەوەی پرۆلیتیری دەترسیت و تەنانەت ناویریت ناوی ئەم چینە وەك خۆی بلیت، بێشەرمی قەلەم بەدەست گەیشتووە تە رادەیەك کە تا ئیستاکە تەنانەت هیتلەریش بەو هەموو تاوانەوە ئاوا بەسووکایەتی باسی چینیکی کۆمەلایەتی نەکردووە، (جیگەی خۆیەتی ئەم پرسیارە ئاراستەی دەستەی نووسەرانی پەیام بکریت کەلە پەیرەوەکانیاندا دەنووسیت: " دەستەی نووسەران بەهیچ جۆریك ئەو بابەتانە بلاو ناکاتەوە، کە گومانی پلارتیگرتنو سووکایەتیکردن بە تاکەکەسو بریندارکردنیان لێ دەکریت. هاوکات گرنگییەکی تایبەت بەو بابەتانە دەدات، کە بە گیانی رەخنەگرتنو بەرپرسیتییەوە دەنووسرین. " ئەی ئایا سووکایەتی بە چینیکی جیهانی کە لە ٩٠٪ دانیشتوانی سەر زەوی دەگریتەوە، چ وەك چینیكو چ وەك تاکەکەسەکان چۆن بلاودەکەنەوە ؟ یان ئەوەتا مەبەستیان لەتاکە کەس تەنیا سەرکردەو پیاو ماقولانن؟ !!)* بزووتنەوە پرۆلیتیری خاوەنی زۆر شانازی لەمیژوودا لەواتە هەلوەشاندنەوەی گشت هەلاواریك (ژن ، پیاو، نەتەوە ، دین، نەژادی ، رگەزی ) لەکۆمونەدا هەروەها لەئۆکتۆبرو گشت

راپـەرین و شۆرشـەکاندا تـا دواجـار سـۆڤیەتەکانی کوردسـتان) ئایـا جـاش قەلـەمی بـورژوازی دەتوانـی پیمـان بلیـت بـۆرژوازی و چینـە سـەروەرەکان کامـە شـانازی میژوویـیان هەیە بیجگە لـەکرین و فرۆشتنی کۆیلە، سـەرکوتی راپـەرینی کۆیلـەکان، سـورانەی دەرەبەگەیـەتی شـەرە جیـهانییـیکان، کورەکـانی سـووتاندنی مـرۆڤ، هیرۆشیما و ناکازاکی، شیمیا بارانیهەلەبجەو کوشتوبرەکانی بۆسنەو هەرزەگوین و کۆسـوڤۆ، چیچینیاو، ئەڤغانسـتان، دەسـت برینـەوەی مـرۆڤ لـە سـعوودیە، نـەبوونی مـافی دەنگدانـی ژنـان لـەکویت، بەسـەرهاتەکانیبنەمالەکانی کلنتن و یەلسـن، ئـەنفالو بـەردباران و رەشـەکوژی هـەزاران ژنو شـەری پینـج سـالەی نوینـەرانی بـۆرژوازی سـۆران و بادینـان و هینانـەوەی رژیمـە ئـەنفال گـەرو شـیمیا بارینەکـەی بـەعس و پیشـوازی و هاوکـاری لەشـکرو ئیتلاعـاتو میتـی ئـیران و تورکیـەو نۆکـەری نەخشەدانەرانی جاش بەتالەکەی ١٩٧٥ ؟ بۆ دەرکەوتنی ئەم راستییە بالـەو وینانـەدا کەکیشاونی بـۆ عـەولو، خـۆی وەك پیاوچـاك نیشـانداوە سـەیری خۆیبکـات ئەوسـا دەزانیت کە کەسیکی قەلەم تیرۆرست، دواکەوتوو، عـەقل ئاغـایی، دواجـار خـەوالوو کە بەدەم خـەوی خەفلەتـەوە ورینـە دەکـات و رابـردوو دەگیریتـەوە. ئاغـا حەمـەی قەلـەم بەدەست ئەگەر تائیستا لـەمانای راستەقینەی نەتـەوە پەروەری و دەولـەتی نەتـەوەیی نەگەیشـتووە بـا کۆمپیوتەرەکـەی پیبکـات و سـەرنجیکی ئینـترنیت بـدات و بزانـی لەسـایەی سـەروەریی نەتـەوەی سـکولاریزم دا چ باسـە، بـابیینیت کـە دیموکراسـی و سـکولاریزمی دەولـەتی کوردیـش پەیامەکـەی لـەتۆری لەشفرۆشـی و سـیکس لەگـەل منالانی کورو کچی ١٢ تا ١٨ سـال زیـاتر نـابیت بـەدلنیایی یـەوە چونکە کاکە حەمـەی قەلەم بەدەست رۆشنبیرو ریبینیەتی .

گەر تەنزەکـەی حەمـەمین خولامـی ئاراسـتەی کەسـیك ، پـارتیك ، هیلیکـی سیاسـی ، قوتابخانەیـەکی بـیرۆکیی ، تیۆریزانیـك یـان سـوونەتیکی کۆمەلایـەتی سـەر بـە بزووتنەوەی پرۆلیتری بووایە، ئەوا ئەرکی وەلامدانەوەی ☜ ل٦٢

# لە برینی سەر دلەکەی ئابایی

بۆ شەهید بوونی ئابایی

موعەلیمی تورکمەن : شاملوو

وەرگیرانی : ناسری حیسامی

گەورە کچانی دەشتەکی !
گەورە کچانی چاوەروان !
گەورە کچانی هومیدی تەنگ
لە ساراتی بێ سنوورا
وە ئارەزووی سنوور پەرین
لە پەرژینی خولقی تەسکا !
گەورە کچانی خەیالی رەشمالی نوێ
لە رەشمالی سەت سالەدا !
ئەگەر بیت و لە تویی زریی بەرگی بەرتان هەلپشکوین
بای سەر شیت
یالی خاوی ئەسپی نیاز
لە ملانی دەئالۆزێ

گەورە کچانی رووباری لیڵ
گەورە کچانی هەزار ئەستوونی ئاگرین
لە ژیر تاقی بەرزی دووکەڵ !
گەورە کچانی ئەوینی دوور
رۆژی بێ دەنگی و کارکردن

شەوی شەونالە و شەکەتی !

گەورە کچانی بەرۆژ سرکی و نەسرەوتن و
شەوانە سەر شکستەیی !
لە باخی راز و خەلوەتی پیاوی کام عیشق
کاتی سەمای پەری ئاسا
بۆ شوکرانەی کام فینکایی نیو هەناوی گر گرتووتان
شلکە باسکی فەوارەیی‌تان هەلدەبرن ؟

بەلام جەخار
کەزی و نیگا
چ بێ سەمەر
عەتری وشەی شاعیرانەم
شلوێ دەکەن.
گەورە کچانی هات و چۆی
نیو دەشتایی بە تەم و مژ
گەورە کچانی شەرم
شەونم
چەماوەیی
میگەلە مەر !
ئەو برینەی لەسەر دلی " ئابایی " بوو
خوینی تکایە ناو سنگی ئیوە کامتان ؟
مەمکی کامتان

لە بەهاری بلوغی‌دا پشکووتوە ؟
لیوەکانتان ، ئیوە کامتان
- دە پیم بلین لیوی کامتان -
بە نهینی عەتری ماچی بە گیانی‌دا پژاندوە ؟
لە تاریکە شەوگارانی نمە نمەی بارانباردا - کە کار نیە -
ئیستە کامتان
بە خەبەرن
لە نیو نوینی پر لە توا نجی ناهومیدی
لە نیو نوینی تەنگ و تەسکی دلتەنگی‌دا
لە نیو نوینی بیری پر ژانی راز و نیاز
هەتا یادی
- ئەو کەسەی کە یادی بەخیر کانگای رق و بویری بوو -
تا درەنگان
گری ئاگر
بدرەو شینێ
لە هەرتك چاوی گەشتان دا ؟

لە نیو ئیوە کامە کچتان
- دە پیم بلین -
لە نیو ئیوە کامە کچتان
خەنجەری ئابایی دەسوون
بۆ رۆژی تۆلە سەندنەوە ؟

# قصائد الحياة

ناظم حكمت
ترجمة: فاضل لقمان

فجأة تناثرت
خصلات الشعر الساقطة على جبينك
فجأة حدثت حركة في الأرض :
الأشجار الغارقة في الظلام
تقول بعض الأشياء.
ذراعاك المكشوفتان ستبردان.
يعني أن القمر
يبزغ في مكان بعيد،
في مكان لا نراه.
إنه سينزلق فوق أوراق الشجر
وتضيء كتفيك أنت
غير انه لم يصل الينا بعد.
عند طلوع القمر تهب الريح
الأشجار تتحدث.
ذراعاك ستبردان.
من الأعلى
من فوق الأغصان التائهة في الظلام،
سقط شيء تحت قدمك.
دسست جسدك في جسدي.
لحمك العاري تحت يدي مثل قشرة فاكهة مغطاة بالوبر.
يدي على لحم زوجتي
لا يخطر لها شيء
لا أغنية من القلب ولا أية مبادرة عفوية
أمام الأشجار والطيور والحشرات.
يدي هذه الليلة
لن تقرأ ولن تكتب.
ليست هائمة ، ولا بعيدة عن الهوى.
إنها أشبه بمخلب أحد الذئاب

بورقة من أوراق الكرمة ،
بلسان قطة برية عند نبع الماء
يدي شبيهة ببذرة أنتشت تحت التراب ،
تتحرك ، تتنفس ، تأكل وتشرب.
لا أغنية من القلب ولا أية مبادرة عفوية.
لا هي هائمة ولا بعيدة عن الهوى.
يدي ، أول يد بشرية
فكرت وهي تلامس لحم زوجتي
تقول لي
مثل جذر أهتدي إلى الماء في التراب :
" أشرب ، كل ؛ تعامل مع الأشياء
الباردة
والحارة ؛
خض المعارك ، استمتع بالروائح
والألوان ،
واعرف كيف تموت من أجل أن تعيش
لا أن تعيش من أن تموت ... "
أنا الآن
وخصلات الشعر الحمراء تتطاير فوق وجهي ،
أحس أن هناك أشياء تتحرك في التراب
أطالب بحقوق الإنسان الأول
والبذرة المنتشية
والقطة البرية عند نبع الماء
بحقوق ذالك الشيء المعروف بإسم : الحياة ،
أطالب بذالك ويدي على لحم زوجتي
واقفا أمام الأشجار والطيور والحشرات ،
أطالب بكل ذالك حيث تكون الأشجار غارقة في
احاديثها
وحيث يكون القمر وشيك البزوغ بعيدا في مكان
لا نراه. ١٩٣٧

# شەوارەی بەزمی نوێ

هەژین

هەموو رۆژێ دایکم کۆرپەیەکی کەم ئەندام لەهەناوی ژانەکانی‌یا دەپەروەرینێ، نۆ مانگ لە منالدان و نەوەد ساڵ لەکۆلی مەینەتی دەگرێ. هەموو چەند هەفتەیەك برالەکانم لەبار دەچن و هەموو نۆ مانگ و نۆ رۆژێك دایکم بەسەر زگەوە، مل بەلارەوە دەنێ. هەموو رۆژێ لەکۆلانەکەمانا چەپکێ خونچە منالْ تەراخوما چاویان دەخوا و زەردۆیی وەك گەلای پایزان هەلیان دەوەرینێ و کۆکەرەشە تا لیواری مەرگ بەچەپۆك بەرییان دەکا. هەموو شەوێ یارانی پەیامبەر گلوپی سەر شەقامەکان دەکوژیننەوەو چرا دەستی‌یەکانی سەرکۆلان دەدزن، تا ئالە چاوچنۆکەکەی بەزمی نوێ هاوسیکا نمان بتاسینێ.

لەگەلْ هات و هاواری منارەکان جەستەی ژیان دەگرینە کۆلْ و لە مەینەتئاوا زیندە بەچالیان دەکەین. پیت سەریر نەبێ کە خۆمان دارەمەیتی ئارەزووەکانمان بۆ گۆرستان راکیش دەکەین و ئەشکیان بۆ ناباریێین، ئاخر ئەشك نەماوە تا تۆزو گەردی دلمان بشۆینەوەو هەورەکانیش نەزۆکن.

پیت سەیر نەبیت کە لەمەیخانەکانی بەزمی نوێدا خویناو دەخۆنەوە، ئاخر هیشووە تریکان هەوو کیمیان لی دەچۆرێ. پیت سەیر نەبیت نینۆك و پیستی ووشك هەلاتوومان دەخۆین، ئاخر بریارە لەیەکەم زستانی سەدەی نویدا جەستەی سەرما بردەلەی خۆر بە بۆمبی ئەتۆمی گەرم کەنەوە، لەیەکەم بەهاری سەدەی نویدا لیوی ووشك هەلاتووی کانیاوەکان بەژار تەرکەن، لەیەکەم هاوینی سەدەی نویدا گولە ژاکاوەکان بە خەردەل ببوژیننەوە. پیت سەیر نەبێ گەر دەریالووشەکان بەگەنم پرکەنەوەو بەچکە دووپشکەکان بەشیر ژیرکەنەوە. پیت سەیر نەبیت گەر شەوی سەری ساڵ نازی‌یەکان ئاگری ڤینیان بەجەستەی کارگەرانی کۆچکردوو هەلگیرسیننەوەو چەپکێ درکی بەزمی نوێ لەبەرۆکی سالی نوێ بدەن و لەسەماگەی دیموکراسی‌دا لەگەلْ زرەی دەم پیکی خویناوی خوا پیداوەکان، ئاهەنگی کۆیلەتی بگیرن

٢١ / ١٢ / ١٩٩٩

## خەونیکی خەوالوو

هەژین

هۆ هاورێ چاوەرێ مەبە! پاسارییەکانی تەیراوا لانە شیواو لەدووی مانگەشەو دەگەڕین، جێ ژووان نادۆزنەوە. گالکیشەکانی باخچە ریگە نادەن شوین پیی گولە وەنەوشەکان هەلگرنەوە. داربێیەکان هەست بەنامۆیی دەکەن و لەگەڵ نەسیمی پاییزان ئەشکە زەرد هەلگەراوەکانیان دەوەرینن.

چاوەرێ مەبە! گولی گولدانەکەت پەژموردەیەو مەگەر بەخەون و خەیاڵ پەرە ئاڵ و گەلا وردیلەکانی بەسەرپە نجکانت ماساژ دەی؛ بە ئەشکەکانت سۆزی لکە ووشکەکانی نابزوی، نیگاکانی لەدوا فرمیسکی ئەوینا پەلکە زیرینەی ئیواران ناشکیننەوە.

چیترچاوەرێ مەبە ! جەستەی ماندووت بدە بەکۆلی هەنگاوەکانتا، چەند کۆلانێ ئەولاتر لەگۆشەی باخچەکەدا خەمەکانت بنیژەو ئەشکبارانیان کە، بەلکو ئەم بەهارە گولە وەنەوشەکانت سەوز بنەوەو پاسارییەکانی ستۆکهۆلم مەست کەن و گۆرانییە یاخییەکان رووت رووت، بێ تویکل، بێ فیلّ و درۆ ووشە ئەویناوییەکان لەگەردنتا بهۆننەوە. چیدی چاوەرێ مەبە هاوری، پاسارییەکانی گەرمیان ناگەرینەوە !

**پاشماوەی لە هەیاسە لە ئاشی ئەنگۆ چ باسە** .دەکەوتە سەرشانی هەمان کەس و پەیرەوانی. بەلام حەمەمین خولامی ئاوبران لە ئاشەکەی دەکاتە خەتای عەولەکان و رك وکینەی خۆی و بزووتنەوە کۆنەپەرست و دژە مرۆییەکەی بەسەر بزووتنەوەی پرۆلیتیریدا هەلدەریژێ و کار دەکیشیتە سووکایەتی بەچینەکەی عەول.

**هۆنراوەی " مەجیدی ئازەرین "ە، نیوی شوینەکان خۆم گۆریومە، پیم وابێ خۆی وەهای دارشتووە: لەتەوریز بم یان لەمیلان / لەپاریس بم یان لە تاران** .

# مەزهەب ، هونەرو مارکسیزم بەشی دووەم

**ئیلکساندەر باگدانف**

مارکس ئەم مەسەلەیەی وەها دەستپێکرد کە کۆمەلگە لە یەکەم لیکدانەوەیدا جۆرە ریکخستنیکە بۆ بەرهەمهێنان و ئەمە بنەمای گشت یاساو گەشەی شێوەکانی‌یەتی. ئەمە خالی دەستپێکردنی چینی بەرهەمهێنەری کۆمەلایەتی و خالی دەستپێکردنی گەلکاری‌یە. بەسوود وەرگرتن لەم مەسەلەیە بۆ دەستبەکاربوون خودی مارکس بە رەخنەگرتن لە زانستی پێش خۆی دەستیپێکردو بەپوختەکردنی کەرەستەکانی و تێکهەلکیشی لەگەل بۆچوونەکانی خۆی زانستی پرۆلیتێری یان هەمان سۆشیالیزمی زانستی لێ بەدیهێنا. ئاوەها بووە کە دەستکەوتە فەرهەنگی‌یەکانی رابووردوو گۆراون بۆ کەلەپوریکی واقیعی بۆ چینی کارگەر و ئەوەش لەشێوەی نوێکردنەوەی نەزمیك لە روانگەی گەلکاری‌یەوە. بەم جۆرەبوو کە مارکس دەرکی بە ئامانجەکانی خۆی کردو ئەم مەسەلە تەنیا ریکەوت نەبوو کە وی بەرهەمی سەرەکی خۆی سەرمایەی بە رەخنەیەك لە ئابووری ناو دەبرد. ئەم میتۆدە تەنیا لەچوارچێوەی زانستە کۆمەلایەتی‌یەکاندا نەگیرسایەوەو لەگشت لایەنیکەوە، مەبەستمان میتۆدی بەدەستهێنان و گونجاندنی کەلەپوری پێشینەو رەخنە لێگرتنی، رەخنەی پرۆلیتێری‌یە.

ئیستا هەولی تێروانینێکی قولتر لەزەمینەی رەخنەکانی خۆمان دەدەین. سەرەتا دەبوو کرۆکی خالی تێروانینی گەلکاری بۆمان روون بێتەوە. سێ قوناغ لە سەرهەلدانی پرۆسەی کۆمەلایەتیدا ئەتوانرێ دەستنیشان بکرین یان ئەگەر بمانەوێ ووردتر لەگەل ئەم مەسەلەیەدا مامەلە بکەین دەکرێ بووترێ کە پرۆسەی کۆمەلایەتی سێ لایەنی هەیە: ١ تەکنیکی ٢ ئابووری ٣ ئیدیۆلۆژیکی. لەلایەنی تەکنیکی‌یەوە کۆمەلگە لەبەرهەلستی سرووشتدایە بۆ دەستەمۆکردنی،ریکخستنی دونیای دەرەوە بۆ بەرژەوەندی ژیان و گەشەپێدانی، لەلایەنی ئابووری‌یەوە

پـــەیوەندی هاوکـــاری‌و دابەشـــکردن لـــەنیوان مرۆڤـــەکانداو ریکخســـتنی کۆمەلگـــە بـــۆ بەرامبەرکیّ لەگەل سرووشت. لەلایەنی ئیدیۆلۆژی‌یەوە، کۆمەلگە ئەزموونەکانی خـۆی ریکدەخـات تـا لـەم ئەزموونانـه ئامرازیك بەدیبینیّ کە بتوانـیّ بـەهۆی ئـەوەوە ژیـان و گەشەی خۆی ریك بخات. لەئاکامدا هەر ئامانجیك لەلایەنی تەکنیکی‌یەوە یان ئابووری و بیرەوە بۆخۆی ئامانجیکی ریکخەرانە دەبیت : کاری ریکخراوەیی کۆمەلاّیەتی.

ئەم یاسایانە بەتـــەواوی بـــەم جـــۆرە بـــوون و هـــەلاّویری وەرنـــاگرن. لەشـــکریك بـــۆ ئامانجـەکانی دەتوانـــیّ خراپکـــاری و، لـــەناوبردن و تیکـــدان لەبـــەرچاو بگـــریّ بـــەلاّم دوا ئامـانجی نـین چونکـە لەشـکر خـــۆی ئامرازیکـــە بـــۆ نویکردنـــەوەی ریکخســـتنی‌دونیا لەپیناو ئەو بەرژەوەندی‌یە کۆمەلاّیەتی‌یەی کە لەشکر پەیوەستە پیوەی.

لەبارەی هونەرمەندیکەوە، فەردگرایك بۆی هەیـە ئـەم مەسـەلەیە وا ببینیتـە پـیش چـاو کە وی بۆخۆیی و بۆخۆیەتی کـە شـتیك دائـەهینیّ. بـەلاّم ئەگـەر وی بەراسـتی بـۆ خـۆی کار دەکات داهینانی وی بۆ هیچ کەس بیجگـە لـەخۆی سـەرنج راکیـش نابیـت. ئـەوکات هیچ جۆرە پەیوەندی‌یەکی لەگەل فەرهەنگی بیریی‌دا بیجگـە لـە خـەونی تـەمەن کـورت و نا پەیوەست ( بـەلاّم جوان) لـە ئارادا نی‌یـە. ئەگـەر ئـەو هـەول بـدات کـە شـتیك لـەخۆوە دابهینیّ بەبیّ ئـەوەی هیـچ جـۆرە سـوودیك لـە کەرەسـتە و یـان شـیوەکار و داهینـــان و توانـایی دەوروبـەری کۆمەلاّیـەتی خـۆی ببینـیّ، ئـەو کاتەیـە کـە لەراسـتی‌دا وی شـتیکی دانـەهیناوە. روانگـەی گشـتی تـەواو ریکخراوەیی‌یـە. وەهـا مەسـەلەیەك هـــەروا لـــەبارەی چینـی کارگەریشەوە دروستە. بـەجۆریك کـە مـادەی دەرەکـی لەشـیوەی کـالاّ بەگـەلکاری خـۆی ریکدەخـات‌و خـۆی لەشـیوەی کۆمـەلیکی داهینـــەرو جـــەنگاوەرو هاوکـــاریّ لـــە خـــەباتی چینایـــەتی‌دا ریـــك دەخـــات. ســـەرئەنجام ئەزموونـــەکانی خـــۆی لەشـــیوەی هوشـیاری‌دا لەگـەل گشـتیتی شـیوەی ژیـان و کاری‌داهینەرانـەی ریـك دەخـات. بـۆ چینیـك کـــە دەیـــەویت ئامـــانجی میژوویـــی خـــۆی کـــە ریکخســـتنی تـــەواوی ژیـــانی مرۆڤایەتی‌یە بیجگە لەمە ناتوانیّ شتیکی‌تر بیت.

پاژیی هونـــــــــــــــــــــــــــــــــەری ژیلەمۆ

ئیستا دووباره دەگەرییینەوه سەر نموونه یەکەمەکەی خۆمان. ئایا مەزهەب دەتوانێ کەلەپوریك بیت بۆ پرۆلیتاریا که تاوەکو ئیستا دژبه هەرکەسیك تەنیا چەکیك بووه بۆ دەست بەسەرداگرتنی. ئەم کەلەپوره دەتوانێ چ سوودیکی هەبیت و چ کاریك دەتوانرێ پیی ئەنجام بدرێ ؟

رەخنەی مه وەڵامیکی تەواو رۆشن و پوخت بەم پرسیاره دەداتەوه. مەزهەب ریگەچارەی مەسەلەیەکی ئیدیۆلۆژیایییه لەجۆریکی دیاریکراوی کۆمەلگه که هەر هەمان کۆمەلگەی سەروتگەرانەیه. مەزهەب پەیوەسته به پیکهاتەی کۆمەلیکەوه که پشت ئەستووره به هاوکاری زۆرەملییانەو سەرکوتگەرانه که تییدا هیندیك رۆلی فەرماندەر و ئەوانیتر رۆلی فەرمانبەر دەگیرن. کۆمەلگەیەك کەپەیوەندی بریاردەر و فەرمانبەری بەسەریدا زاله، ئەم جۆره کۆمەلگایانه که پەیوەندی باوکسالارانه تیایاندا فەرمانرەوایه دەتوانرێ له کۆمەلگه فیئۆدالیو پیکهاته رەنجبەری و کۆیلەکان، دەولەته بۆرۆکراتییه پۆلیسییەکانی ئەورۆ و پەیوەندییەك که لەنیو لەشکرەکانی ئەمرۆدا هەیه، ببینین. لەئاستیکی بچووکتریدا پیکهاتەی خیزانی بۆرژوایی و سەرئەنجام ئەو پەیوەندییەی که سەرمایه ریکخستنی خۆی لەجەمسەر یەوه، بەپێی بنەماکانی بریاردانو فەرمانبەری دادەریژێ.

کۆمەلێ باوەری پەسەندکراو دەتوانرێ چ سوودیکی ریکخەرانەیان هەبیت ؟ بۆ ریکخستنی هاوکیشی ئەزموونەکانی کۆمەلگه بەشیۆەیەك که لەگەل سەراپای ئەو ریکخستنەدا گونجاوبیت، بەوجۆرەی که دەستکەوته فەرهەنگییەکان بەنۆرەی خۆیان دەتوانن لەخزمەت و چەکیك بۆ ریکخستن بەمەبەستی پاراستن و پتەوکردنی شیوه و فراوانکردنی ئەو ریکخستن گشتییه بن. هینانه پیش چاوی ئەوەی که چۆن ئەمانه لەشیوەیەکی سەرکوتگەرانەی ژیان ریکخراون زۆرئاسانه. وەها نەزمیك بەئاسانی لەچوارچیوەی ئەزموونو بیرکردنەوەدا موتوربه دەکرێ. هەر کرداریك چ بەشیوەی مرۆیی یان توخمی و، هەر دیاردەیەك دەربری پیکهاتەیەکی دوو پەیوەسته: یەکیك

ویستی چالاکی ریکخراوەیی و ئەوی‌تر جێ‌بەجیکردنی هەلچوانەی . تەواوی دونیا وەك گشتیکی سەرکوتگەرانە هینراوەتە پیش‌چاو کە بەبانی‌یەوە بریاردەری بالاٌ، خوا، یان ئالۆزی پیکهاتەی سەرکوتگەرانە وەك زنجیرەیەك لە لیپرسراوانی وابەستە بەسەرەوە کە بۆ بەریوەبردنی لایەنەکانی‌تری ژیان هەلبژیردراون بنیاتنراوە. تەواوی ئەم نواندنەش شان بەشان لەگەل هەست و رەوشتی سەرکوتگەرانە هەروەك پیاداهەلگووتن، ملکەچی و ترس ئابرومەندانەیە و بەم جۆرەیە کە پەیوەندی‌یەك لەمەزهەبدا هەبووە کەئەمە بەتەواوی ئیدئۆلۆژی‌یەکی سەرکوتگەرانەیە.

ئەم مەسەلە تەواو روون‌و ئاشکرایە کە وەها پەیوەندی‌یەك چ چەکیکی زۆرباشە بۆ نەزمی ژیانیکی سەرکوتگەرانە. مەزهەب لەراستی‌دا مرۆڤی بە وەها نەزمیك ئاشناکردووە و شوینی لەوەها سیستەمیکدا بەپیی پلەبەندی وی بۆ جێ‌بەجیکردنی ئەو ئەرکانەی کە پیی سپیردراون روون دەکاتەوە. لەهەست و بیرکردنەوە و ئەزمووندا، کەسایەتی بەتەواوی بەدەوروبەری کومەلایەتی‌یەوە لکینراوەو یەکەو شیوەیەکی ناجیگیرو شیاوی تیاچوون دەگریتە خۆی.

شیوەی ئافەراندن و داهینانی مەزهەبی لەبەشی هەرە زۆریدا فرە شاعیرانەیە. ئەم خالە ئازاد ئەندیشی مە بەدروستی لیی تیگەیشتووە ئەگەرچی پەی بەمەسەلە سەرەکی‌یەکە کە ناوەرۆکی کۆمەلایەتی مەزهەبە نەبردووە. بەدریژایی قۆناخەکانی گەشەی کۆمەلایەتی، کە مەزهەب سەروسیمای بەخۆی داوە هۆنینەوەی شیعر لەرووی تیئۆریی و کاردا جیانەکراوەو لەریرەوی خۆیدا ئەوانیشی گرتۆتەوە.

مەزهەب کاتیك کە تەواوی دەرك و ئەزموونە مرۆیی‌یەکانی ریکخستووە، ئەو کاتەیە ناسین تەنها لەسروشەوە (کە تەنیا لەخواوە سەرچاوە دەگرێ) بە شیوەیەکی راستەوخۆ یان لەلایەن هۆکاریکی نیوەندیدارەوە توانای دەرککردنی هەیە.

ئیستا ئەم فەرهەنگە مەزهەبی‌یە چ کەلەپوریکی بۆ پرۆلیتاریا هەیە ؟ کەلەپوریکی بەنرخ و گرنگ. کەلەپوریك کە لەکاتیکدا بکەویتە بەر رەخنەی کارگەران ئەو کات

هەروەك چەكیك لەدەستیاندا دەتوانرێ بۆ ناسینی گشت لایەنە سەركوتگەرەكان لەژیاندا سوودی لیوەربگیرێ. دونیای سەركوت روو لە رووخانە و بەلاّم هیشتا نەمردووە، پاشماوەكانی ئیمەی لەهەموو لایەكەوە ئابلۆقەداوە و هەندیك جار زۆر ئاشكرا بەلاّم بەزۆری لەبەرگی جۆراو جۆرو چاوەروان نەكراودا دەمانخاتە تەنگەنەكانی ئابلۆقەی خۆی. بۆ سەركەوتن بەسەر وەها دوژمنیكدا، بەم پیێیە ئاشنابوون پیی بەشیوەیەكی تەواو زۆرپیویستە. كەواتە مەسەلەكە تەنیا ئەمە نییە كە تاكەكەسیك نكۆلی لەمەزهەب بكات چونكە لەوەها حالەتیكدا كارگەریك كە لەبەرخوردیكی رەخنەگرانەی نوێ بەهرەمەندە بەپلەیەكی باشتر پیشكەوتنی دەبێ هەتاوەكو ئەو بێباوەرە بێ فیلە كە نكۆلی لەهەر جۆرە كیش و باوەریك دەكات. چونكە نكۆلی لیكردنی مەزهەب بۆ بێباوەرە بێكیشەكەی مە تەنیا لەبەر پیداگرتن لەسەر وەی كە مەزهەب داهینراوی كەشیشانە بەمەبەستی بەهرەوەری لە خەلك و، نەك نكۆلی لە سروشتی كاركردی مەزهەب. بەلاّم لە هەموو گرنگتر ئەوەیە كە بەرخورد بەوەها كەلەپوریك ئەو توانایەمان دەداتێ كە خەملینیكی راستمان لەمانای توخمە سەركوتگەرەكانی كۆمەلگەی ئەورۆ و پەیوەندی دوو لایەنەیان دەربارەی گەشەی كۆمەلاّیەتی هەبیت.

ئەگەر مەزهەب چەكیكە بۆ راگرتن و هیلاّنەوەی ریكخستنی سەركوتگەرانە. ئەو كات تەواو روون دەبیتەوە كە لەپەیوەندی چینەكاندا، مەزهەب بۆ كارگەران شتیك نییە بیجگە لەدلنیایی و دەستەبەركرنی هەلومەرجیك بۆ ملدان بە سەروەری وان و چەكیك بەمەبەستی چوونەژیری ئەو نەزم و رەوشتانەی كە چینە سەروەرەكان بە مەبەستی بەهرەكیشی كارگەران خوازیاریانن.

سەرەرای هەرشتیك كە سوشیالیستە رەنگاورەنگە مەزهەبییەكان بیانەوێ بیلین، زۆر روونە كە فۆرمۆلەیەك كەپارتە كارگەرییە جیاوازەكان هەلیان بژاردووە كە مەزهەب مەسەلەیەكی تاكە كەسییە لە سازشیكی سیاسی كاتی كە ئیمە ناتوانین

پشتی پیببەستین بەولاوەتر نییە.

ئیستاکە رۆشن دەبیتەوە کە چ پەیوەندییەك لەنیوان لەشکرو مەزهەبدا هەیە چونکە هەردووکیان ریکخستنیکی سەرکوتگەرانەن و رۆشنە کە بۆچی وورده بۆرژوا باوکسالارەکان و خیزانە جوتیارییەکان ئەوەندە هۆگری مەزهەبو یاساکانی خوا بوون و مەترسییەك کە دەتوانێ ئەم کرۆکە کارا سرکوتگەرانەیە لە پیشکەوتنی کۆمەلایەتیدا هەیبیت ببینین. روناکییەکی نوێ کەوتۆتە سەر ریبەرە پارتییەکان، لەسەر لیپرسراوان و چەمکی کۆنترۆلی بەکۆمەل کە لەسەر وان بەکار براوە !

هەرچەند زیاتر گەنجینەی هونەری و ئەزموونگەری خەلك کە لە نووسین و نیگارەکاندا بپاریزرێ بەنۆرەی خۆی بووەتە هۆی فروانتر بوونی هوشیاری کۆمەلایەتییان و رێوشوینی داهینانیکی سەربەخۆ کە ملکەچی خوو ریسا جیکەوتەکان نییە دەستەبەر دەکات. ئەگەر ئاوەهایە، ئایا دەبیت چینی کارگەر میراتبەری کەلەپوری مەزهەبی خۆی بیت ؟

* **ئەم ووتارە لە (( صمیە کارگر سوسیالیست، شمارە ٦٠- فوریە ١٩٩٩، سال نهم، دورەدوم )) وەرگیراوە.**

**پاشماوەی مەزهەب، هونەرو مارکسیزم** لە نارەزایەتی پیاویکی شانۆیی بە ریسا رزیوەکانی شانۆ بوو. بۆئەو، شانۆ هیلکاری و قالبیك لە جیهان بوو. جیهانیك کە ئیمە هەمووومان دەبیت تییدا بژین.

**[**] لە( مجلە ویژە هنر تئاتر- فصل تئاتر-شمارە ٦، ٧ سال دوم ١٩٩٨،١٩٩٩ وەرگیراوە**

**کۆمەکی هاورێیان**

**ئالمان : پیشرەو موحەمەد (٢٠ مارك) ، باوکی خەمە (٣٠ مارك )**

**بریتانیا : زاهیر باهیر ( ١٠ پۆند )**

**هۆلەند : سەربەست قەرەداغی ( چەند پرۆگرامیك )**

**یابان : سمکۆ ئەحمەد ( ١٠٠ مارك )**

# بریخت لە رۆڵی دەرهێنەردا بەشی دووەم

کارڵ ڤیبەر

ئەوەی کە بە دەرهێنانی بریختی ناودەبرێت شتێك بوو کە هەمیشە لەدوا قۆناخی ئامادەکردنی شانۆییەکەدا بەدەست دەهات. بریخت هیچکات بەبیرۆکەیەکی لەپێشەوە دارێژراوەوە لەبارەی شێوەی دەرهێنان دەستی پێنەدەکرد، تەنانەت شتێکی سەرەکی وەك ئەوەی کە دەبێت دەرهێنانەکە (( ناتورالیستی)) بێت یان (( سەردەمێکی مێژوویی تایبەت)) نیشان بدرێ یان هەر شێوەیەکی گەوجانەی کە ریساو رێکەوتنە شانۆییەکان بەزۆری لەسەر شانۆنامەکان دەیسەپێنن. وی بە وردبوونەوەیەکی قوڵی پەیوەندی ئاڵۆزکاوی کۆمەڵایەتی کەسەکان و ئەو هەڵسوکەوتانەی کە لێوەوەی سەرچاوە دەگرن دەست بەکار دەبوو. دەروون ناسینی کەسایەتییەکانی پشتگوێ نەدەخست بەڵکو لەسەر بنەمای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان گەشەی پێدەدا. کاتێك بریخت پرۆڤەکانی دەست پێدەکرد، هێلکارییەکانیانی سەیر دەکردو لەسەر بۆچوونەکانی کاری دەکرد. دووجار من بە خۆم ئەوەم دیتووە کە لەسەدا حەفتاو پێنجی دیکۆرێك بەتەواوی دروستکراوەو جلوبەرگی دوراو گونجاو لەگەل ئەو دیکۆرە پاش دوا پرۆڤە لەگەل جلوبەرگەکاندا خراوەنەتە لاوە. لەگەل ئەوەی کە هەرچەندە جوانیش بوون بەڵام ئەوەی کە بریخت و فۆن ئاپین دەیانویست نەیان دەگەیاند. پارەیەکی زەبەندە خەرجی ئەم ئەزموونانە دەکرا بەڵام بەبێگومان بەفیرۆ نەدەچوو. یەکێك لە پەندە جی پەسەندەکانی بریخت واتە (( تام وچێژی خواردن بەچێژتنی دیاری دەکرێ )) هەمیشە ئەمە لەبارەی کاری شانۆیی وییەوە راست بوو.

لەدەهەی بیستی زایینییەوە کە بریخت لەشاری مونیخ دەستی بە دەرهێنان کرد، تا کۆتای، پێیخۆشبوو لەکاتی دەرهێنانیدا دەوروبەری قەرەباڵغ بێت. هەرکەسێك کە جی باوەری بووایە بانگهێشتەی پرۆڤەکانی دەکرد و بەردەوام لە

سەرنجەکانیان دەکۆڵی‌یەوە. وی بە لەبەرچاوگرتنی کاردانەوەی وان کارەکەی خۆی سەرپەرشتی دەکرد. لە دەهەی پەنجادا دەرهێنانەکانی بریخت وەك هەمیشە بەرهەمی گەلکاری بوون و وی بەردەوام سوودی لە تەواوی کەسانیك کە لەگەل دەرهێناندا سەروکاریان هەبوو، هاریکاران، هیلکارانو، ئامادەکەران و، ئاوازدانەران وەردەگرت. بریخت لە لیپرسراوە هونەری‌یەکانی ئینزیمبل خوازیار بوو کە پرۆڤەکان بە جلوبەرگەوە ببینن تاوەکو بتوانیت لە سەرنجی وانیش ئاگاداربیت. لەبیرمە کە دواپرۆڤەی ((کاتسگرابین)) (Katzgraben) شانۆیی‌یەکی چیرۆك نووس و شانۆ نووسی هاوچەرخی ئالمانی رۆژهەلاتی ((ئیرڤین شتریتماتیر)) (Erwin Stritmatter) کە بریخت لە سالی١٩٥٣دا هینایە سەر شانۆ بریخت کۆمەلیکی لە تازەلاوانی دە تا چواردە سالەی بۆ سەیرکردن بانگەیشتە کردبوو. پاش تەواوبوونی پرۆڤەکە وی دوو کاتژیری تەواو کاتی لەگەل وان بردەسەر تا ببینێ ئەوان چی لە شانۆیی‌یەکە تیگەیشتوون وچی تینەگەیشتوون و بۆچی، ئەم گفتوگۆیە کیشایە ئەوەی کە هیشتا لەسەر هەندیك لە دیمەنەکان کاربکرێو تاوەکو زیدەتر روون ببنەوە و ((گیرانەوەی بەسەرهاتەکە)) چۆنیەتی‌یەکی باشتری هەبیت. بریخت بروای تەواوی بە دیتنی دەست لینەدراو و بی دەمارگیری مندالان هەبوو. واتە لە بیرکردنەوەی ساکارو شاعیرانە بەهرەمەند بوون، بیرکردنەوەیەك کە بریخت پیی وابوو بۆ شانۆ زۆر گرنگە.

بریخت بریاری دا کە دەرهینەرانی لاو لە ئینزیمبل پیکەوە کاری دەرهینان بکەن. دوو یان هەتا سێکەس لەوان بەسیوەیەکی یەکسانو، هاوبەش رۆلی دەرهینەر لە ئەستۆ بگرن. ئەم کارە ئەنجامیکی خوازراوی هەبوو. دەرهینەران چەمکیکی بنەرەتی کە هەمووان پیی رازی بوون بەدەستیان دیناو دواتردەستیان بەپرۆڤەیان کرد، بەلام لەدریژەی پرۆڤەکاندا شتگەلیکی جوان لە بەرخورد و جوودایی ئەندیشە جیاوازەکاندا کە لەسەر بابەتیکی هاوبەش کاریان دەکرد دەهاتنەگۆرێ. ریگەچارەی باشتر لەوەی کە هەریەکە لەم دەرهینەرانە بەتەنیاکاری بتوانیت بەدەستی بینیت

دەستکەوت دەبوو. لەراستیدا زۆریك لە دەرهینانەکان پیش و، زۆربەی دەرهینانەکان پاش مەرگی بریخت، بەمجۆرە دەرهینران.

بۆ بریخت هەرگیز شیوەکاری ئەکتەر گرنگ نەبوو، وی پیی نەدەگووتن برۆنە مالەوە ئەم کارە یان ئەو کارە بکەن ، یان برۆنە پشتی شانۆوەو خۆ جەم و جۆر بکەن. وی کاری بەسەر میکانیزمی سوود لیوەرگیراوی ئەکتەرەوە نەبوو بەلکو تەنیا بیری لەئەنجامی کارەکە دەکردەوە، بریخت ریزی لەئەکتەرەکان دەگرت، بە پشوویەکی زۆر زیادەوە لەگەل وان دەجوولایەوە و زۆربەی پیشنیارەکانی وانی بەکاردەهینا. لەکاتی پشووداندا، وی تەنانەت گویی لە قسەوباسەکانیتری ئەکتەرەکان رادەگرت و نەیدەویست وان لەگەلیدا نا ئاسوودە بن. ئەو دەیویست کە هەرچۆن بووە وان باوەر بەخۆ لایان دروست بیت. وی دەیتوانی ببیّ بە شۆخی گەریکی لیهاتوو؛ هیندیك جار ئەکتەرەکان بەس بۆ سەیرو سەرگەرمی، وییان ناچار دەکرد کە بەکاریك هەستیت. وی ئەکتەری ناچار بە لاسایی کردنەوەی خۆی نەدەکرد، بەلکو بەمەبەستەوە لەکاری خۆیدا زیادە رەوی دەکرد تاوەکو ئەوەی وی دەیویست ئەکتەرەکان سەیری بکەن بەلام هەرگیز دوچاری دوودلی لاساییو کوپیکرنی نەبن.

سەرنجراکیش دەبیت ئەوەی من لەشیوە دەرهینانی رۆلبینینیك کە لەلایەن بریختەوە دیتوومە و ئەوەی لەلایەن هاوسەری لیئۆن فۆیشت ڤانگیر- (Lion Feuchtwanger) کە بەیەکەمین ئەزموونی دەرهینانی ئەم دەرهینەرە راگەییندراوە لەگەل یەکدا بەراوورد بکەین. کاتیك کە بریخت بیستوچوار سالە بوو شانۆیی وی دەنگی تەپلەکان لە دلی شەودا لە میونیخ پرۆڤە دەکرا، دەرهینەری بەسەرسوورنانیکی تەواوەوە ئەبینیّ کە نووسەری لاو لەکاتی پرۆڤەکەدا دیت و کارەکەی پیرادەگریّ، هاواردەکات بەسەر ئەکتەرەکانداو، چۆنیەتی ئەنجامدانی هەرشتیکیان پینیشان دەدات. لەماوەیەکی کورتدا بریخت تەواوی شانۆییەکە دەگریتە ئەستۆو دەرهینەر کە پیاویکی بەتەمەن بوو بەکردەوە دەبیتە هاوکاری

وی. بەوجۆرەی کەلەشانۆی ئەوکاتی ئالماندا باو بوو، ماوەی پرۆڤەکان کورت بوو، نزیکەی سێ هەفتە ، لەدوا هەفتەدا، ئەکتەرەکان کە هەندیك لەوان ئەکتەری زۆر بەتواناش بوون زۆر هەولیان دەدا هەتا ئەوەی بریخت خوازیار بوو لییان ئەنجامی بدەن. لە بنەرەتدا بریخت هەولیدەدا کە ئەو جۆرە زیادە رەویو پلەخوازیيە باوەی ئالمانی ئەوکاتیان لی داتەکینیت و ناچاریان بکات کە بەرخودیکی واقیعیان لەگەل رستەکانی خۆیاندا هەبیت. راپۆرتی خانمی فۆیشت ڤانگیر سەرنجراکیشە : ( ئەو پیاوە تازەلاوەی کەلە پرۆڤەکانی یەکەمین شانۆییەکەیدا ئامادە دەبوو، بەردەوام هاواری دەکرد ئەوەی ئەو ئەکتەرانە ئەیگەیینن بۆگەنە. کاتیك من بریختم لەتەمەنی پەنجا سالیدا بەسەرکردەوە، لەوانەیە ئارامتر بووبێ، وی هیشتاکە بەگەرمی سەرقالی خاوینکردنەوەی تەختی شانۆ ( و گشت هونەرەکان) لە (( درۆیە شیرینەکان)) بوو کە دەبوونە هۆی ئەوەی کەمرۆڤ توانای ناسینی جیهانی بەوجۆرەی کە هەیە نەبیت.)

بریخت هەولی دەدا کە لە شانۆی خۆیدا روخساری واقیعی جیهان بخاتەروو، نەك وینەی لەئالتوناو هەلکیشراوی پالوانی درۆینە و وینەی بێ پەردەی کەرویشك گەل کە سەرگەرمی خواردنی کەلەم و جووت بوونن. لەسەر شانۆی بریخت، گومان لە خوا دەستکردەکانی مرۆڤ، گومان لە یاسا داهینراوەکانی مرۆڤ و لە هەر شتیك کە بەزۆرەملی بەسەر مرۆڤدا سەپینراوە، رادەگەییندرا.

بریخت وەك تاقیگەیەك سوودی لە شانۆکەی خۆی وەردەگرت و هەلسوکەوتی مرۆڤەکان، روانگەی مرۆڤەکان و لاوازی مرۆڤەکانی لەریگەی شانۆییو ئەکتەرەکانەوە دەنواند. لەم ئەزموونگەیەدا لە هەموو شتیك دەکۆلرایەوە و هەموو شتیك دەتویژرایەوە تا سەرئەنجام بەکۆمەڵ نیشان دەدرا، کۆمەلیك کەزۆربەی کات بۆ خۆناسین لەم ئاوینە زۆر روون و، لەرادەبەدەرە روونەدا، ئامادە نەدەبوون. مامەلەو دەربرینی واقیعیانەی رستەکان، کە بریخت لەسەرەتای دەرکەوتنی لە بواری شانۆدا تاوەکو کۆتای، پیی لەسەردادەگرت، شتیکی واوەتر

☜ ل٦٨

## زمانی خاراو هونەری پاراو بەشی دووەم

**ئاپـــە**

**هەولی یەکـەم : لەهـەموو سـەردەمەکاندا بەتایبـەت لەسـەردەمی پیکـهاتنی قـەوارە سیاسـی‌یە میللی‌یەکانداو، لەوکاتـەوەی کە خویندنو نووسـین بـەزمانی دایـك بووەتـە رۆتـین، ناسیونالیسـتەکان وەك یـەکیك لەریگـەکانی دابرانـی نەتـەوەکانو سـنوور دارکردنـی رۆشـنبیری چینـە فەرامیللی‌یـەکانو بـەهیزکدنی گیـانی رەگەزپەرسـتانەی ناسیونالی، کە زۆرتر وورده بۆرژوازی خۆی بەم باس‌وسەرئیشانەوە خـەریك دەکات. لەسـەر بنـەمای دەرکـی نارۆشـنیان لـە چۆنیـەتی گەشـەو، وەلامدانـەوە بـە پیداویسـتی یەکانی زمان وەك ئامرازی پـەیوەندی گرتـنی کۆمەلایـەتی مرۆکان، کـەزیاتر خۆیـان بـە داتاشینی ووشـەی نەزۆکـەوە خـەریك دەکـەن، بـەبێ لەبـەرچاوگرتنی ئەوراستی‌یەی کـە بـەپیی ئالوگۆرەکـان لـەدونیای واقیعـدا زمـان گەشـەدەکات، لـەناو دەچیـت، واژە دەخوازیـت، واژە فریدەداتـە لاوە. ئایا مرۆڤەکان هیچکات دەتوانن چاوەریی واژەیـەك بميننـەوە کە پیداویستی ژیانی رۆژانەیان بیت، تاوەکو ئەو جەنابانە واژە داتاشـن ؟ ئایا لەتواندا هەیە ریگە لە ئامیتە بوونی ژیانو زمانیش وەك ئامرازیك لـەژیاندا بگیریت ؟ ئایا مرۆڤەکان دەتوانن لە بستە زەوی‌یەکی پەرژین کراودا لە جیهانی ئـەمرۆدا دابراو لەیەك بژین؟ ئایا مرۆڤەکان دەتوانن و گونجاوە خۆیان لەبەرهـەموداهینانی مرۆڤەکانی دی کە بـەزمانیکی دی دەدویـنو بەوزمانـەی وان داهینراوەکـە نـاونراوەو لەزمانەکـەی ئیمەدا واژەمان بۆی نی‌یە بیبەش بکەن؟**

**گەر وەلام ئەرێ‌یە، دەی با ئەو بەریزانە دیموکراسی کەوەك کلاو جەمـەدانی لەسـەری خۆیـان پیچـاوە بـا بـەکاری نەبـەنو دەرخواردمـان نـەدەن . خـۆ واژەیـەکی بیگانـەو سییتمیکی بیگانـەو بیرۆکەیـەکی بیگانەیـە، تەنانـەت تـا ئیشـتاش هـەر بـەئاوەژوویی دەرخواردمـان دەدەن! بـا پەرلـەمان دانـەمزریننو هـەول بـۆ دەولـتی ناسیونالیسـتی کوردی نەدەن، خۆ بیرۆکەی بیریارانی ناسیونالیستی کورد نی‌یە. یان ئەوەتا**

مەبەستیان تەنیا چەواشەکاری‌و خۆلکردنە چاوی پرۆلیتاریای کورد زمانەو تەنیا بەکارهێنانی ئەو واژە هاوبەشانەن کەمە بەکایان دینین. بەلام وەلامی نووسەران‌و بیریاران‌و زمانەوانانیك کە بە رۆسنبیری پرۆلیتیری هوشیارن، تەنیا نەرێ نی‌یە بۆ ئەم جەنابانە بەلکو بژارکردنی زمانەکانە لەووشە رزیو بۆگەنەکان کە زادەی چەمکی فیودالی‌و بۆرژوازی‌یانەن‌و رۆژانە وەك ئامرازیك بۆ سەرکوت‌و سووکایەتی بەزۆرینەی دانیشتوانی کۆمەلگە لەلایەن چین‌و تویژە کۆنەپەرست‌و سەروەرەکانەوە بەکاردەبرین.

هەولی دووەم :

أ بژاری زمان لەواژە سواو ناوەرك دژە مرۆڤ و نەزۆکەکان.

ب وەلامدانەوە بەپیداویستی‌یەکانی گەشەو پەرەسەندنی زمان‌و دەولەمەندکردنی.

وەك ووتمان زمانیش وەك پیکەینەرەکانی‌تری فەرهەنگ بەردەوام لەئالوگۆرکردندا بووە، بەلام هیچکات ئەم ئلوگۆرانە لەسەرخانی کۆمەل سەربەخۆ نەبوون‌و، ئالوگۆرەکانی سەرخانیش پابەندی ئالوگۆرە ئابووری‌وسیاسی‌و کۆمەلایەتی‌یەکان بوون. کەواتە زمان لەگشت قۆناخەکانی گۆرانی کۆمەلدا هاوسان نەبووەو، بەردەوام مۆرکی فەرهەنگی زالی لەخۆ گرتووەو کەوتۆتە ژیرکاریی چەمکی تیگەیشتن‌و جوانی ناسی‌و لیکدانەوەی دیاردەکان. ئەم راستی‌یەش دەتوانین لەسەرەتای لەدایك بوونی کۆمەلگەی مرۆیی‌یەوە تا ئیستاکە لەگشت قۆناخە جیاوازەکاندا ببینین.

یەکیك لەو زمانانەی کە بەشیك لەپرۆلیتاریا لەم سەردەمەی ئیستادا لەژیانی رۆژانەیدا پیی دەدویت‌و بەکاری دەهینیت زمانی کۆردی‌یە. بۆیە ئەرکی رۆشنبیرانی پرۆلیتارو نووسەران‌و بیریارانی کۆمۆنیستە وەك ئەرکیکی چینایەتی پیویستە چ وەك رینووس‌و چ لەرووی ناوەروك‌وچەمکی واژەکانەوە، مۆرکی مرۆیی لەروانگەی پرۆلیتیری‌یەوە لەو زامانانەی کەپیی دەدوین بدەن. لەبەرامبەر ئەوانەی کە ئەم ئەرکە بە ناسیونالیستەکان‌و نۆکەرانی بۆرژوازی لەبواری زمانەوەنی‌دا دەسپیرن راوەستین‌و پییان بلیین بەریزان ئیوەش بە بیانووی ئەوەی لەسبەینیدا زمانی جیهانی دیتەئاراوە،

ناتوانن شان خالی بکەن لەژێر ئەرکی ئەورۆکەتان، چۆنکە ئەو زمانە جیهانی‌یە لەشەو رۆژێکدا سەر هەلنادات، لەکاتیدا کە ئەوە حەتمی‌یەتی میژوویی‌یەو مرۆڤایەتی بەرەو ئەویندەری مل دەنیت، لەهەمان کاتدا بەبێ دەستبەکار بوونی ئیمە هەرلەئیستاوە بەدلنیایی ئەو زمانە جیهانی‌یەش مۆرکی چینە سەروەرەکان بەخۆوە دەگریت. دەست بەکار بوونی مە لەئیستاوە بۆ ئەم مەبەستە بریتی دەبیت لەکارکردن لەسەر زمانە زیندووەکانی ئەمرۆی جیهان. چ لەبواری بژارکردنو چ لەبواری داهینانداً، دەرەبەگیك کە وەك مولکداریك سەیری شتەکانی دەوروبەری خۆی دەکرد تەنانەت مرۆڤەکانیش، یان وەرزیریك کەبە پیی پیداویستی‌یەکانی ژیانی روژانەی بیرکردنەوەی نەیتوانیوە لەسنووری بیرکردنەوەی فیۆدالی تیپەربکات، بۆنموونە ئاغایەك یان وەرزیریك دەلین (ژن دینم ) ئایا دەلویت کارگەریك بلیت ژن دینم بیگومان نەخیر چونکە یەکەم رێوشوینی ژنان لەکۆمەلگەدا گۆراوەو ئەوە تەنیا پیاو نی‌یە، کە نان ئاوەری مالە، دووەم ئیستا لەکۆمەلگە پیشکەوتووەکاندا هاوسەری لەسەر بناخەی کرینو فرۆشتنو ژن بە ژن و گەورەو بچووك دانامەزریت یان هەمیشە ئەوە ژن نی‌یە بچیتە سەر بنەوانی پیاو، بەلکو پیاوانیش دەچنە سەر بنەوانی ژنانو لەجیابوونەوەشدا هەروایە. دەی کەواتە مە ناتوانین چاوەرێ بین تاوەکو ئەوسەردەمە بیت، هەرچەندە هیچ ئالوگۆریك بەبێ هەولو کۆششی بەردەوامی مرۆڤەکان نایتەدی‌و، دەبیت شان بەشانی بوارەکانی‌تریش لەبواری فەرهەنگیشدا دەست بەکاربینو گەشە بەزمانو رەگەزە پیکەینەرەکانی بدەینو لەگیاکەلەی فەرهەنگی چینە سەروەرەکانی رابووردو فەرهەنگی دژە مرۆیی بالأدەستی بۆرژوازی بژاری بکەین. ریگە خۆشکەین بۆ پیکهاتنی زمانیکی هاوبەش هاوتای هەولو تیکۆشانەکانی‌تری پرۆلیتاریایە لەبوارە جۆربەجۆرەکانی خەباتدا دژی چینە سەروەرەکانی کۆمەلگەی چینایەتی. دەتوانین چۆنیەتی کاردنو پەرەپیدانی هەولەکانمان لەچەند خالدا بخەینەروو کە سەرەکی‌ترینیان ئەمانەن :

١ گۆرینی رینووسی عەرەبی بە رینووسی لاتاین. بۆ ئەم مەبەستە دەکری ئەم

داخوازی‌یە لەبەرنامەی ریکخراوەکانی نووسەرانو هونەرمەندانو خویندکارانیشدا، تەنانەت ریکخراوە جەماوەری‌یەکانی‌ترش‌دا بگونجیندریت‌و خەباتی بۆبکریت تاوەکو لەبواری پەروەردەیی‌دا بەکار ببریت.

٢ بژارو داهینانی نویٚو سوود وەرگرتن لە زاراوەکنی‌تر بۆ دەولمەندکردنی، هەروها دەکریت‌و گونجاویشە ئەو ووشانەی کە لەزمانەکانی‌ترەوە هاتوونەتە ناوی بەهیماو دەنگی زمانە وەرگرەکە بنووسرین، لەبواری وەرگیرانیشدا دەکریت دەربریןو واژەگەلیك کە لەزمانی یەکەمدا بەکار هاتوون، بۆ دەولەمەندکردنی زمانی دووەم دەقاودەق وەربگیردرین، تا ئەورادەیەی کە بواری وەرگیرانی هەیە لەرووی هاوتای واژەیی لەزمانی دووەمدا.

دوا ووشە لەوانەیە کەسانیك بینو بلین ئەریٚ کاکە باسی زمانەوانی چ پەیوەندی‌یەکی بەهونەرو پرۆلیتاریاوە هەیە ؟

وەلام بۆ ئەوبەریزانە ئەمەیە: لەکەرەستەکانی زمانیکی لاوازو گەشە نەکردو تەنیاو تەنیا هونەرو ئەدەبیکی لاواز بەرهەم دیت، تەمەن کورت دەبیت‌و توانای خۆراگری لەبەرامبەر خۆتیوە ئالانی گیاکەلەدا نابیت.

# خاتە سوور و حەمەتال

خوشکە خاتوون، چ شەرم بەخۆت ناکەیت، باسی ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەبارەی ژنانەوە بە ئـاوەژوو دەکەیت، کێ بەقەد قورئانی پیرۆز حورمەتی چنانی پاراستووە ؟

**خاتە سوور** :

هەموو رۆژێ بەری بەیان
لەخەو رابن بکەن نویژان
بکەن سوپاسی خــودای
لاوازی نەکردوون وەك ژنان
ئیــوە میـــرن بــەهیـزن
لە سەر زەوی بەچکە خودان
گەر شــەو نەهاتنــە باخەڵ
لییــان دەن بەدار و گۆچــان
فریو نە خۆن بەقسەی خۆش
تا نەپچرێ تان و پۆی ژیــان
تیریان کەن و رایان مووسن
ئــەوان کەم عــەقــل و
ئــەنــگــۆ زانـــــــان
چاودییکەن هەنگاو هەنگاو
ئەوان میگەل ئیوە شوان
لە ئیــوە حــەلاڵ دەکەم
حەوت کەنیزەك
چوار مارە بـــــران
زوو زوو بیانکیلن
تا زیاد بن ئیمانداران

گەر یاخی بوون لە قورئان
بیـــــانکوژن بیـــــانبرن
ئێوەی خاوەن نامـــووس
باوك و برا و نێرە خزمان
سڵ نەکەن لە هیچ شتێ
بۆ پاریزگاری شەرەفتـــان

هاورێ حەمە، لەم رۆژانەدا ئۆپسیۆنی عیراقی بەسەر پەرشتی ئامریکا کۆ بوونەوە، تـــۆ بلیـی رۆلـی پارتە بۆرژواکانی کورد لە ئایندەی عیراقی دیموکراسیدا چۆن بیت ؟

**حەمەتاڵ :**

عاشقین مە
عاشقی چاوی کالی
میری ناوەندی و
دەسەلاتی فیدرالی
خولامین مە
بە هەر شتێ رازین
تۆ سەرودر و خاوەن مالی
هیندە مرۆڤ پەرودری،
لە کوێ بینم مەولەوی و نالی
تاوێ بکەن وەصفی
عیراق و سەرۆکی خاوەن کەمالی
مە خاکی بەرپیتین سەرودر
چ جەلالی و چ مەلایی
ئەوەی خراپەتان بیژێ

لیی زەوت دەکەین سەرو مالی
ئەوەی نوزەی لیوە بێ قوربان
دەبرین زمان و گویچکەی
تاکو لە ماف ببێ حالی
هەمووان ناچار دەکەین ئاغا
تا بە شیرینی بلین تالی

هاورێ خالتوون، بۆ لەهەر شوینیك بیکاری فرە بیت، زاناکان بەژنان دەلین برۆنەوە مالەوە چونکـە منالْ پیویستی بە دایك هەیە ؟

**خاتە سوور** :

من خاتوو مامرم
کۆلەکەی ژیــان راگرم
دەکەم هەموو رۆژێ هیلکان
گەر زیــاد بێ دەیکەمە بەچکان
بۆ هەوەس بــازی مــام کەلەبــاب
دەمکەنە ئۆرتۆدۆکس
یــان ئیسلامی نــــــاب
کار و پیشەم هیك کردنە
جوچکە هەلهینان و
هەوەس تیر کردنە
رۆژیك نەبوو بکەم ئۆخەی
حالم وەك حالی ژنە
دەفەرموون بۆیە دەستمۆین
ریگەزمان لە خیو جنە
وەك ئامیری بارهینانم

یاسای خودا دەڵێ :
ژنیش دەستە خوشکی منە

لالە حەمە ئەو ریفۆرمانە چی بوون کە لە یاسای باری کەسیتی حکومەتی هەریم دا کران بۆ یەکسانی ژن و پیاو ؟

**حەمەتاڵ :**

ئەوەی بۆ رەخنە دەکا
جاروبار قورئـــان موتالا
چەپە خۆری‌یە و بەرەڵلا
ژنان صعیفەن ناقصوڵ عەقلن
راستی فەرمووە رەسووڵ‌الله
هەوەس بازن چاو لە دەرن
ژنانی سەر رووت ئەستەغفیروڵا
قەرار دەکەین حەقە و حقیقەت
فتوا و فەرموودەی ئایەتووڵا
عیشق عارە، ماچ ژەهری مارە
یەکسانی ژن و پیاو نەعوزەن بیلا
ئەوەش نارازی‌یە بەم شەرعە
تیرۆری دەکەین، رۆژی نیورۆ
بەحوکمی قورئان
وەڵا وە بیلا وە تیلا

# خشتك

**تیبینـــی: لەپرکردنـــەوەی ئـــەم خشتەکەدا هەموو بنەمایەکی ریزمانی کـوردی لەبـەرچاو گـیراوە، بـەپیی رینووسی هـەلبژیردراوی ئـەم گوشارە تـەنیا نیشـانەی" "ی پیتـەکانی (ر،و،ی)نـەبیت، کە بەشـیوەی(ر،و،ی) نووسراون**

**ئاسۆیی** ☜

١- سـەرۆك کۆمـاری پیشـووی شیللی کە بە کوشتنی هـەزاران کۆمۆنیست تاوانبـارە - رابـەری نازیییەکانی ئالمان.

٢- پیتاکی رەز کە دەرەبەگـەکان سەندوبانە نیوەی رۆژ.

٣- برین بە تیخ " پیچەوانە "

٤-بەشـیك لـە کۆئـەندامی هەناسەدان.

٥- هەلسووراویکی کۆمۆنیست کە دەزگـەی ئاسایشـی تورکـی سـیپتەمبەری ١٩٩٩ لەمالەکـەی خۆیدا کوشتیان.

٦- پیشگری ریگری لە کاریك.

٧- تالی لە رادەبەدەر.

٨- ئـاوات " پ " - ئیمـە -کابانـیّ، جگین.

٩- نابا " پ ".

١٠- شـاعیریکی کۆمۆنیست کـە رژیمـی پاشـایەتی لـەئیراندا لەسیدارەیدا.


١١- شر ، دراو - مۆرك ، مورو -ئەنگۆ.

١٢-دەستیگران - گرنگ .

١٣- دووپاتی پیتیك - زاروی هارو هاچو بزۆز .

١٤- نیزەی دریژ - ئاردی بەئاو شیلدراوی بە ئاگر برژاو - خوشگ، خوار .

١٥- ژیّ.



**خشتەکی ژمارە ( ٤)**

## ستونی

١- تژە ، تژی - خوێ.
٢-ئامرازی پرشین لەکات " پ " كاویژ- فر - رایەلەی تەون.
٣- " بزن "ی سەربراو " پ " - بنۆس.
٤- جێ ژیانی هاوینە لە ئیلاخ پیتی بانگکردن مامر " پ ".
٥- تاسە ، ئارەزوو - دارمان.
٦- شەراو " پ " -خرۆی لەش .
٧- تۆپی خری دارین بۆ كاشۆبازی.
٨- نیوی هۆزیكی گورد كە بەشیكیان لە لایەن دەولەتی عوسمانییەوە بۆ لیبیا دوورخرانەوە " پ " - شاتیر.
٩- .
١٠- تویژینەوە " پ " - بزوینەر.
١١- دووپاتی پیتیك - " كابرا"ی سەربراو.
١٢- درەختیك - یەكسمی زەردی ئاماڵ سوور " پ " - زگپڕ لەومانگەیدا كە تییدا دەزێ.
١٣- پاشگری بچكۆلە نیشاندان - بە خۆرایی " پ " .
١٤- ئەستیرە " پ " - لەكەی سووری چاو.
١٥ - ئەركیكی ئیسلامی كە گشت حەزەكانی مرۆڤ كویردەكاتەوەو هەمووشتێ قەدەخە دەكات - رابەریكی ئیسلامی كە فتوای كوشتنی نووسەری ئایاتی شەیتانی دا.

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٤ | ١٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ه | | ه | ك | | ه | | پ | ی | م | ر | ی | ش | ك | ه |
| ٢ | ه | | ا | ه | | ك | | ر | ا | و | ی | ژ | ك | ا | ر |
| ٣ | ل | | و | س | | و | | و | ر | د | ه | و | ا | ل | ه |
| ٤ | ه | | ا | ا | | ر | | ل | | | | | ن | ی | ه |
| ٥ | ب | | ر | پ | | ه | | ی | ا | و | ه | | ه | ت | ب |
| ٦ | ج | | | | | خ | | ت | | | | | و | گ | |
| ٧ | ه | ی | ر | و | ش | ی | م | ا | | ر | ا | ن | ه | ه | |
| ٨ | | | ی | ر | ا | و | ا | ر | | | | | | | |
| ٩ | چ | | ت | ه | س | ل | ی | م | ه | ن | ه | س | ر | ی | ن |
| ١٠ | | | | و | | | ن | | ن | ا | ی | ر | و | ب | ی |
| ١١ | ه | ا | و | ر | د | | چ | | پ | ی | ل | ا | ت | و | ز |
| ١٢ | | ه | | | ا | | ه | و | | | ل | | ه | ك | ن |
| ١٣ | | | | | و | | | | | | ا | | | | ه |
| ١٤ | س | ی | | و | ا | ج | ه | ر | | ك | ن | ی | ر | | ز |
| ١٥ | ر | ز | | | | و | ی | د | | | ه | | ی | | |

پركراوەی خشتەكی ژمارە ( ٣)

خەڵاتی براوەی ئەم خشتەكە، چوار ژمارەی گۆڤارەكەیە. تكایە لەتەك پركراوەی خشتەكەكەدا ناونیشانی تەواوی خۆتان لەنامەیەكدا بەئادرەسی ژیلەمۆ بەرێ بكەن.
هەروەها بۆ ئەو بەریزانەی كە بەشداری ئەم گۆشەیە دەكەن، تكایە لەتەك ئامادەكراوی خشتەكەكەدا با پركراوەیەكی بێ هەڵەی بەرێ بكەن. ژیلەمۆ